


# ناوەرۆك


| | |
|---|---|
| ❒ مێژووی دروستبوونی لاپتۆپ ... | 3 |
| ❒ بەرنامەی (speedgear) بۆ خێراكردنی كۆمپیتەر | 5 |
| ❒ بازرگانی ئەلیكترۆنی E-commerce | 6 |
| ❒ سەرەتایەك بۆ بەرنامەی سویش ماكس | 8 |
| ❒ چەند كارێكی پێویست دوای فۆرمات و دانانەوەی سیستەم | 10 |
| ❒ چۆنیەتی لابردن و هێنانەوەی control panel | 12 |
| ❒ پرۆژەی دروستكردنی یەكەمین كۆمپیوتەری بەهەست | 13 |
| ❒ بەرنامەیەك بۆ دروستكردنی (theme) لە ویندۆز ئێكس پی | 14 |
| ❒ دۆزینەوەی رێژەی دەرچوون لە پرۆگرامی مایكرۆسۆفت ئێكسڵ | 15 |
| ❒ گرنگی (Forward) و (Replay) لەپۆستی ئەلیكترۆنیدا | 16 |
| ❒ فۆتۆشۆپی 11 بەبێ سێت ئەپكردن | 17 |
| ❒ دانانی وشەی نهێنی بۆ فایلەكانی بەرنامەی مایكرۆسۆفت ئێكسڵ | 18 |
| ❒ دروست كردنی رۆژژمێر بە Microsoft Publisher 2003 | 19 |
| ❒ سەرەتایەك بۆ زمانی HTML | 20 |
| ❒ پرۆگرامی EasyFP بۆ قوفڵكردنی فایل و فۆڵدەر | 23 |
| ❒ سەرەتایەك بۆ پرۆگرامی میدیا ستۆدیۆ | 24 |
| ❒ لینوس تورڤالدس linus torvalds كێیە؟ | 27 |
| ❒ یـانـەی كوردسـتـان وەڵامـدەرەوەی پرسـیـارەكـانـتـانـە.. | 28 |
| ❒ گۆڕانكارییەكی جوان لەكاتی گەڕانی گووگڵ | 29 |
| ❒ سەرەتایەك بۆ بەرنامەی ProShow Producer | 30 |
| ❒ چۆن سایتەكانمان بە هۆی فرۆنت پەیجەوە ئەپدەیت بكەین؟ | 32 |
| ❒ زانینی هەر وشەیەك لە گووگڵ لە چ وڵاتێك زیاتر بۆی دەگەڕێت | 34 |
| ❒ ئامۆژگاری و ئاگاداری بۆ بەكارهێنەرانی تەكنەلۆژیای بلوتوس | 35 |
| ❒ بوونی دادگای ئەلیكترۆنی پێویستییەكی هەنووكەیی جیهانە | 37 |
| ❒ چاتی دەنگ و ڕەنگ لە Gmail كرایەوە | 38 |



**بۆ بڵاوكردنەوەی ڕێكلامەكانتان لە (سی فۆر كورد) پەیوەندی بكەن بە كۆمپانیای (هۆلیكورد) لە ڕێگەی:**

**Korek:** (+964) (0750) 4451380 - (0750) 4441380 - (0750) 4431380 - (0750) 4421380
**AsiaCell:** (+964)(0770) 6501380 -
**Mobitel:** (+964)(0760) 5009535 - **Fax:** (+964) 662700037
www.holykurd.com
**E-mail:** info@holykurd.com - blind_rekany@yahoo.com



ژمارە 26

# سی فۆر كورد

گۆڤارێكی مانگانەی ئەهلییە تایبەتە بە بواری تەكنەلۆژیای زانیارییەكان

ژمارە (٢٦) ساڵی دووەم كانوونی یەكەمی ٢٠٠٨

**C4kurd**
A Monthly Magazine Publication on Information Technology
**No. (26) Second Year December 2008**

www.c4kurd.com



خاوەنی ئیمتیاز:
**شێخ فاتح ئیبراهیم**

سەرنووسەر:
**هێمن فاتح**
مۆبایل: 07702124447 – 07504562693
ئیمەیل hemn@c4kurd.com

جێگری سەرنووسەر:
**هەردەوان نەقشبەندی**
مۆبایل: 07504461340
ئیمەیل harda@c4kurd.com

بەڕێوەبەری نوسین:
**حازم حەمەد جاف**
مۆبایل: 07504664288
ئیمەیل hazimjaf@c4kurd.com

دەستەی نووسەران:
**محەممەد ئەبوبەكر**
**مەهدی ئۆمەربلی**
**محەممەد مێرگەیی**

دیزاین : گروپی سی فۆر كورد

بۆ ناردنی بابەت و پێشنیار و رەخنەكانتان لە ڕێگەی ئیمەیلی:
np@c4kurd.com



نرخی تەنها ( ٢٠٠٠ ) دینارە

لە چاپخانەی (ماردین) لە چاپدراوە

پێکهاتەی

# سی دی

دیاری لەگەڵ گۆڤار

www.c4kurd.com

سیدی ئەمجارەی گۆڤاری (**سی فۆر کورد**) لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتوە:

**یەکەم: ئەو بەرنامانەی کە لە ژمارەی ئەمجارەی گۆڤاردا شیکراونەتەوە پێکهاتوون لەمانەی خوارەوە:**

**Speed Gear**: بەرنامەیەکی ئاسانە بۆ خێراکردنی کۆمپیوتەر.. پرۆگرامەکەش لەلاپەڕە(5)دا بڵاوکراوەتەوەو لەناو سی دی لەناو فۆڵدەری (Speed Gear 3.01) دانراوە.

**Style XP Install** : بەرنامەیەکی جوانە بۆ گۆڕینی شێوەو ستایلی ویندۆزی ئێکس پی.. ئەم پرۆگرامە لە لاپەڕە (14)دا باسکراوەو لە ناو فـۆڵدەری (StyleXPInstall) دانراوە.

**Photo Shop CS4**: ئەمە تازەترین ڤێرژنی فۆتۆشۆپەو دەتوانرێت بە کوردی تێیدا بنووسرێت و کۆمەڵێك گۆڕانکاری جوان لەم ڤێرژنەدا ئەنجامدراوە.. ئەم پرۆگرامە لەلاپەڕە(17)دا باسکراوەو لەناو فۆڵدەری (Photo Shop CS4) دانراوە.

**Easy FP:** پرۆگرامێکی قەبارەو سووك و ئاسانە بەکاردێت بۆ کردنەوەو سەیرکردنی پێکهاتەی فۆڵدەر زۆر بە ئاسانی.. ئەم پرۆگرامە لەلاپەڕە(23)دا باسکراوە لەناو فۆڵدەری (EasyFP) دانراوە.

**Fast Folders:** لە ڕێگەی ئەم پرۆگرامە دەتوانرێت هەر فایل یاخود فۆڵدەرێك کە بتەوێت قۆفڵی بکەیت لە ڕێگەی دانانی پاسۆرد بۆ فایلەکە، لە لاپـەڕە(28)دا ڕاڤـەکراوەو لەناو فۆڵدەری (FastFolders.v3.3.5) دانراوە.

**Pro Show Producer:** پرۆگرامێکە تایبەتە بە دروستکردنی ئەلبوومی وێنە، ئەم پرۆگرامە لەلاپەڕە (30)دا بڵاوکراوەتەوەو، پرۆگرامەکەش لەناو فۆڵدەری (ProShow) دانراوە.

**دوهەم: بریتیە لە دیاری گۆڤاری سی فۆر کورد کە تازەترین ڤێرژنی ئەنتی ڤایرۆسی کاسپەرسکایەو دەتوانی بە بێ کێشە لە نێو کۆمپیوتەرەکەی خۆت سێت ئەپی بکەیت.**



## مێژووی دروستبونی لاپتۆپ:

# لە (٤٠)ە مین ساڵی یەکەم بیرۆکەی دروستکردنی

هێمن فاتح


یەکێك لە دیاریدەکانی ئەمڕۆی بازاڕەکانی کۆمپیوتەر لاپتۆپە. ئەگەر بەوردی سەرنجێکی بدەین، دەبینین بەرێژەیەکی زۆر و رۆژ لە دوای رۆژیش زۆرتر خەڵکی روو لە کڕینی لاپتۆپ دەکەن. ئەمیش چەند هۆکارێکی هەیە، یەکەم هەڵگرتن و گواستنەوەی ئاسانە. دوهەم: لەم کارەبا خراپیەی ئێمە لە کوردستان لاپتۆپ سودی خۆی هەیەو دەتوانین بە پاتریەکەی چەند کاتژمێر کار بکەین. سێهەم: هاتنە خوارەوەی نرخی لاپتۆپ و نزیك بونەوەی لە نرخی کۆمپیوتەری دیسکتۆپ. ئەمانەو زۆری تریش وایکردوە کە خەڵکی زیاتر روو لە کڕینی لاپتۆپ بکەن.

بەڵام ئایا رۆژێك بیرمان لەوە کردۆتەوە کە یەکەم لاپتۆپ چۆن دروست بووەو کێ دروستی کردووەو قۆناغەکانی پێشکەوتن و تەشەنەکردنی لاپتۆپ چۆن بووە؟ بەباشی دەزانین باسێکی مێژوی دروستبوونی لاپتۆپ بکەین.


پێش سالانی چلەکان و کاتێك کۆمپیوتەر وەکو دەیناسۆرێك تەماشا دەکراو تەنها شوێنە تایبەتیەکانی حکومەت هەیان بوو، ئالان کای (Alan Kay) بیری لە دروستکردنی کۆمپیوتەرێك دەکردەوە بتوانرێت لە ماڵ بەکاربێت یاخود بتوانرێت هەڵبگیرێت و بگوازرێتەوە. ئەمە ساڵی 1968 بوو کە ئالان و هەندێك لە ئەندازیارەکانی هاوڕێی وەکو خەوێك وەکو بیرۆکەیەکی سەرسوڕهێنەر تەماشا دەکرا.



ئالان ناوی ئەو لاپتۆپەکەی کە وەکو بیرکەیەك تەماشا دەکرا نابوو Dynabook کە ئەمە وێنەکەی بوو لە ساڵی 1972 کێشابووی:




بەڵام کارەکەی تەنها وەکو بیرۆکە مایەوەو لەو سەردەمەدا نەتوانرا ئەوکارە ئەنجام بدرێت. تاکو لە ساڵی 1981 یەکەم لاپتۆپ لەلایەن Adam Osborne دروستکرا.



کە هەر بەناوی خۆیەوە ناونرا Osborne1 کە ئەمە تایبەتمەندیەکانی بوو:



کێشی ئەم لاپتۆپە 11.1 کیلۆگرام بوو، خێراییەکەی 4 مێگا هێرتز بوو، هەروەها رامەکەی تەنها و تەنها 64 کیلۆبایت بوو. شاشەکەی 5ئینج بوو لەگەڵ ئەوەش سیستمێکی لەسەر بوو بەناوی CP/M. ئەمە بە یەکەم لاپتۆپ دادەنرێت لە مێژودا دروستکرابێت و بۆکاری حکومی نەبیت بەڵکو تاکە

کەسی بێت. ئەوەشمان لەبیر نەچێت نرخی لاپتۆپەکە 1795$ دۆلار بوو.

بێگومان دوای ئەوە بەبێ وەستان و بەخێراییەکی زۆر دروستکردنی لاپتۆپ تەشەنەکی کرد، هەر بۆیە کۆمپانیای ئیپسۆن لاپتۆپێکی لە ساڵی 1982 دروستکرد کە بە دایکی لاپتۆپ دەژمێردرێت و لەوەی ئادەم پێشکەوتووتر بوو. ئەمە وێنەی لاپتۆپەکەیە:



جیاوازی ئەمەیان لەوی یەکەم کێشەکەی کەمترە کە تەنها 1.6 کیلۆگرامە و نرخیشی تەنها 795$ دۆلار بووە هەروەها شاشەکەشی LCD بووە. هەروەها سیستمی کار پێکردنەکەی BASIC بووە.

لە ساڵی 1983کۆمپانیای Radio Shack لاپتۆپیکیتری دروستکرد بە ناوی TRS-80 Model 100 کە شێوەیەکی زیاتر لە لاپتۆپی ئێستا دەچێت:



تایبەتمەندیەکانی ئەمجۆرەیان زۆر نەبوو بەڵام لەبەر ئەوەی سوك و ئاسان و بچوکتربوو بۆیە زیاتر لەشێوەی لاپتۆپ دەچێت و رامەکەی تەنها 32 کیلۆبایت بووە. سیستمەکەشی Microsoft BASIC بوو.


لە مانگی دووی ساڵی 1984 کۆمپانیای بەناوبانگی ئەمریکی IBM هەستا بەدروستکردنی جۆرێکی پێشکەوتووتری لاپتۆپ بەناوی IBM 5155 .

هەرچەندە ئەم جۆرەیان لەشێوەی



دیسکتۆپە چونکە ئەگەر سەیری بکەین کیبۆردەکەی لە دەرەوەیە بەڵام شاشەکەی هەر بە کەیسەکەوە بەستراوە. ئەم لاپتۆپەکە خێراییەکەی زیاتربوو چونکە رامەکەی 640 کیلۆبایت بوو. هەروەها شوێنی دوو فلۆپی لەجۆری 5.25 لەسەر بوو.

هەر لە هەمان ساڵی 1984 و هەمان کۆمپانیای Radio Shack هەستا بەپێشخستنی ئەو لاپتۆپەکەی پێش یەك ساڵ دروستی کردبوو بەناوی TRS-80 Model 100 بوو کردی بە TRS-80 Model 200 ئەمەیان شێوەیەکەی نزیکتر بووەتەوە لە لاپتۆپی ئێستا کە ئەمە وێنەیەکەیەتی:



تایبەتمەندیەکانی ئەم لاپتۆپە بەمشێوەیە بوو:

زمانی کارکردنەکەی بەیسك بوو، پرۆسێسەرەکەی ناوی Intel 80c85 بوو و خێراییەکەشی 2.4مێگاهێرتز بوو رامەکەی تا 72کیلۆبایت زیاد دەکرا و تەنها 1.36کیلۆگرام بوو. شاشەکەشی 5.25 ئینج بوو.

لە ساڵی 1988 کۆمپانیای کۆمپاکت یەکەم لاپتۆپی دروستکرد کە VGA کارتی هەبوو، واتە کارتی شاشەی هەبوو بەناوی Compaq SLT/286.

ئەمەش وێنەی ئەو لاپتۆپەی کۆمپانیای کۆمپاکە:



خێراییەکەی تەنها 8مێگاهێرتز بوو هەروەها رامەکەی 640 کیلۆ بایت بوو.

لە ساڵی 1989 کۆمپانیای NEC هەستا بە دروستکردنی لاپتۆپێك بەناوی NEC UltraLite کە ئەمەشیان هەنگاوێکیتر بوو لە نزیکبوونەوە لە جۆرە لاپتۆپەی ئێستا کە ئەوە وێنەیەکەیەتی:



نابێت کۆمپانیای ئەپڵیشمان لە یاد بچێت کە لەهەمان ساڵی 1989 لاپتۆپێکی دروستکرد بەناوی ماکنتۆش Macintosh Portable ئەوە وێنەکەیەتی لەوبەرەوە:

کۆمپانیای ئەپڵ هەروەکو کاری خۆی پێشکەوتن و جوانکاری زۆری لەم یەك لاپتۆپەی کرد کە خێراییەکەی 16 مێگا هێرتز بوو هەروەها رامەکەی 1مێگابوو، لەگەڵ ئەمانەش شاشەکەی 9.8ئینج بوو. هەروەها 40مێگا بایت هارد دیسکی لەگەڵ بوو، ماوسیشی هەبوو.

لە ساڵی 1992 بۆ جارێکیتر کۆمپانیای IBM هەستا بەدروستکردنی جۆرێکی تر لاپتۆپ بەناوی ThinkPad700c کە ئەمە وێنەیەکەیەتی:





خێرایی ئەم لاپتۆپە 25مێگا هێرتز بوو هەروەها کارتی شاشەی لەگەڵ بوو جگە لەوەی هاردێکی 120 مێگا بایتی لەگەڵ بوو رامەکەشی 16مێگابایت بوو.

بەمشێوەیە لاپتۆپ رۆژ بە رۆژ لە پێشکەوتندا بوو. دڵخۆشی بۆ ئالانە کە بیرۆکەکەی ئێستا سەراپای جیهانی گرتووە و فرۆشتنی لاپتۆپ و تەشەنەکردنی بەشێوەیەکی بەرچاو لە زیاد بووندایە.

# بەرنامەی (speedgear) بۆ خێراکردنی کۆمپیوتەر



خۆگر بەرزنجی khogrbarzngy692@yahoo.com

■ زۆرێک لە ئێمە کێشەی خاوبوونەوەی کۆمپیوتەری هەیەو ناشزانێت بەچ هۆیەکەوە کۆمپیوتەرەکەی وای لێهاتووە و خاوبۆتەوە، زۆرحاڵەت دەبێتە هۆی خاوبونەوەی کۆمپیوتەرەکانمان، یەکێك لەو حاڵەتانە دابەزاندنی بەرنامەی قورس یان بەرنامەی زۆر. یەکێکی تریش لەو حاڵەتانە زۆربوونی ئەو فایلە زیادانەی کە بێ کەڵکن و کارمان پێیان نیيە کە لەسیستەمدا خۆکاری دەمێننەوە یان جاری وا هەیە سیستەمی کۆمپیوتەرەکەمان خۆی توشی ئەم کێشەیە دەبێت و خاودەبێتەوە یان زۆر هۆکاری تر کە دەبنە هۆی سستی کۆمپیوتەر. جا من لێرەدا بەرنامەیەکتان پێ دەناسێنم کە سیستەمەکەمان بۆ خێرا دەکات و بەرادەیەك لەم کێشەیە رزگارمان دەبێت. ئەویش بەرنامەی (speedgear)ە کە قەبارەکەی زۆر بچووکە لە سیدی گۆڤارەکەدا بەدیاری وەری دەگریت، دابەزاندنی زۆر ئاسانە، پاش دابەزاندنی ئایکۆنێك لەسەر شاشە (desktop) زیاد دەبێت. پاش کردنەوەی روکارێکمان بۆدەردەکەوێت وەکو وێنەی (1).




پاشان دوودەستەواژە دەبینین بەکلیك کردن وبردنی نیشانە کەبۆلای (Fast)واتا خێراکردنی، و بەبردنی بۆلای (slow)واتا خاوکردنەوەی بۆیە لێرەدا ئێمە دەمانەوێت کۆمپیوتەرەکەمان خێرابکەین، بۆیە دەبێت نیشانەکە بەرین بۆلای (fast) جا بەویستی خۆمان چەندمان دەوێت زیادی دەکەین و بۆ رازی بوونمان کلیك لە سەر(apply) دەکەین، یان بۆ پاش گەزبوونەوەمان لەوکاری کردوومانە کلیك لەسەر(default) دەکەین وەکو وێنەی (2).




پاشان بەکلیك کردنمان لەسەر(default)ئەوە هەنگاوانەی ئەنجامانداوە بۆمان هەڵدەوەشێنێتەوە.

پاش کردنی هەر کارێك لەمانەی کە کرد دوای ئەوەکۆمپیوتەرەکەت ریستارت بکە،

تێبینی: پرۆگرامەکە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەری (Speed Gear 3.01) هەیە.



# بازرگانی ئەلیکترۆنی (E-commerce)

هەردەوان نەقشبەندی - قوتابی ماستەر

■ لەم چاخە ئەلیکترۆنی و دیجتاڵییەدا کە ئینتەرنێت زۆر بەفراوانی لەسەرانسەری جیهاندا بڵاوبۆتەوە، چەمکی بازرگانی ئەلیکترۆنی بەهەموو لایەکدا تەنیوە، کە کۆمەڵێك لایەنی چاکەی هەیە، بۆ نموونە پیاوانی کار و (بزنسمان)ـەکان دەتوانن خۆیان لە نەخۆشیەکانی گەشت کردن بۆ بنینی هاوبەش و هاوکارانیان دووربخەنەوە، هەروەها دەتوانن سنور بۆ کات و پارەی بازاڕ گەرمی کاڵاکانیان و خستنە روویان لە بازاڕەکان دابنێن سەبارەت بەموشتەرییەکانیش ئەوەی چیتر لە پێناوی گەیشتن بەو شتانەی کە دەیانەوێت نایەن وناچن، یاخود ڕێگە نابەستن و چاوەڕیی ناکەن. تەنانەت بەکارهێنانی دراوی ئاسایش لە شێوەی کلاسیکەکەیدا نامێنێتەوە . بەڵکو کارەکە بە ئامێرێکی کۆمپیتەر و بەشداریکردن لە ئینتەرنێت و پرۆگرامی خستنەڕوو کۆتایی پێدێت .

بازرگانی ئەلیکترۆنی (هەروەك خەڵکانێك وەها دەزانن) تەنیا تایبەت نییە بە کرداری کڕین و فرۆشتنی کاڵاو کارگوزاری لە ڕێگای ئینتەرنێت، بەڵکو بازرگانی ئەلیکترۆنی هەر لە دەستپێکەوە. بەردەوام ئەرکی چارەسەری جوڵانەوەکانی کڕین و فرۆشتن و ناردنی هەواڵی دارایی لەڕێگای تۆڕی ئینتەرنێتی گرتۆتەخۆ . بەڵام لەڕاستیدا بازرگانی ئەلیکترۆنی گەلێك لەمە فروانتر بووە، تاوەهای لێهاتووە لەتەك کاڵاو کارگوزارییەکان، کارەکانی کڕین و فرۆشتنی خودی زانیاریەکانیش بگرێتەوە. بازرگانی ئەلیکترۆنی لەم ئاستەش ناوەستێت، بەڵکو ئەو ئاسۆییەی لەبەردەم کۆمپانیا و دامەزراوەکان و تاکەکان هەڵیکردووە، گەواهیدەرە لەسەر برینی ئەم سنورەی ئێستای .

## بازرگانی ئەلیکترۆنی چییە؟

بازرگانی ئەلیکترۆنی سیستەمێکە لەڕێگای ئینتەرنێت، چالاکیەکانی کڕین و فرۆشتنی کاڵاو کارگوزاری زانیاریەکان دەرەخسێنێت، هەروەها ئەو جوڵانەوە ئەلیکترۆنیانەش بەڕێوە دەبات کەپشتیوانی هاتنە کایەی قازانجەکانی وەك کردارەکانی شیرینکردنی خواست لەسەر کاڵایەك یا کارگوزاری زانیاریەك دەکات. بازرگانی ئەلیکترۆنی لە ڕێگای ئینتەرنێت کرداری پشتیوانی کردنی کاڵاو کارگوزاریەکان بۆ موشتەرییەکان دەرەخسێنێت. دەتوانین ئەم جۆرە بازرگانیە بە بازرگانی ئەلیکترۆنی بچوێنین کە تێیدا فرۆشیارەکان، کۆمپانیاکان، کۆگاکان و ناوەندەکان (دەلال)و کریار بەیەك دەگەن، کە لەچوارچێوەی گریمانەیی، یاخود ژمارەیی بەرهەمەکان و کارگوزاریەکان پێشکەش دەکەن و نرخەکەشی بەدراوی ئەلیکترۆنی دەدرێت .

دەکرێت بەمشێوەی ئێستا چالاکیەکانی بازرگانی ئەلیکترۆنی بەسەر دوو بەشی سەرەکی دابەش بکەین کە ئەمانەن:

**یەکەم:** بازرگانی ئەلیکترۆنی کۆمپانیاکان بۆ تاکە تاکەی بەکاربەرەکان (Business-to-consumer) کە بە(B2C) کورت دەکرێتەوە و بریتییە لە ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان کۆمپانیاکان لەلایەك و بەکاربەری تاکە تاکە لەلایەکیتر.

**دووەم:** بازرگانی ئەلیکترۆنی لە کۆمپانیاکان بۆ کۆمپانیاکان Business-to-Business ئەمەشیان بە(B2B) کورت دەکرێتەوە و بریتییە لەئاڵوگۆڕی بازرگانی ئەلیکترۆنی نێوان کۆمپانیایەك و کۆمپانیایەکیتر.

## ئەو سنوورانە چین کە کۆمپانیاکان لە بازرگانی بازرگانی ئەلیکترۆنی بەدەستی دەهێنن؟

بازرگانی ئەلیکترۆنی کۆمەڵێك خاڵی ئەرێنی پێشکەش دەکات کە دەتوانرێت بەشێوەیەکی گەورە کۆمپانیاکان لێوەی سوود مەندبن، ئەمانە چەند نموونەیەکن:

* کڕین و فرۆشتنی چالاکترو قازانجی زیاتر: کۆمپانیاکان بەهۆی پشت بەستنیان بە ئینتەرنێت بۆ کڕین و فرۆشتن دەتوانن بەبێ پچڕان (بەدێژایی ڕۆژەکانی ساڵ) بەرهەم و کارگوزاریەکانی خۆیان لەهەموو لایەکی جیهان بخەنەڕوو بەمەش ئەمجۆرە کۆمپانیانە هەلی زیاتریان بۆ دەرەخسێت تا قازانجی زیاتر بکەن و موشتەریشیان زۆرتر بێت .

* کەمکردنەوەی خەرجی کۆمپانیاکان: کرداری ئامادەکردن و نۆژەنکردنەوەی ماڵپەڕەکانی بازرگانی ئەلیکترۆنی لەسەر وێب گەلێك زیاتر ئابووریانەترە بەبەراورد

له دروستکردنی بازاڕەکانی بەشەکان، یاخود نۆژەنکردنەوەی نوسینگەکان. لێرەدا کۆمپانیاکان پێویستیان بەتێچوونێکی زۆرنابێت بۆ کاروبارەکانی برەودان، یاخود ڕێکخستنی کەلوپەل و نرخەکەی کە لە خزمەت موشتەریەکان بەکاردەهێنرێت. بەمەش پێویست ناکات کۆمپانیاکان بۆ ئەنجامدانی کردارەکانی ژماردنەوە و کارە ئیداریەکان ژمارەیەکی زۆری فەرمانبەر بەکاربهێنن، بەڵکو لەسەر ئینتەرنێت ڕێساو بناغەی واتایی هەیە مێژووی کردارەکانی فرۆشتن لە کۆمپانیاکەو ناوی موشتەریەکان دەپارێزێت، ئەمەش بە ئاسانی ڕێگا بە کەسێك دەدات بەتەنیا هەستێت بە هەڵکردنەوەی زانیارییەکانی ناو داتاکان بۆ پشکنینی کاتی ئەنجامدانی فرۆشتن.

* پەیوەندی نێوان هاوبەشان و کرێکاران تۆکمە دەبێت: بازرگانی ئەلیکترۆنی دورییەکان(مسافات) کورت دەکاتەوە و سنوورەکانیش دەبڕیت. بەمەش ڕێگایەکی بەهێز بۆ ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان لەگەڵ هاوبەشەکان دێتە ئارا. هەروەها بازرگانی ئەلیکترۆنی هەلێکی نوێ بۆ کۆمپانیاکان دەڕەخسێنێ بۆ سوود وەرگرتن لەو کاڵاو کارگوزاریانەی کە لە کۆمپانیاکانیتر پێشکەش دەکرێت، کەبە کۆمپانیایەك بۆ کۆمپانیایەکی تر دەگوترێت بازرگانی ئەلیکترۆنی .

## ئەو سوودانەی کە موشتەری لە بازرگانی ئەلیکترۆنی دەستی دەکەوێت؟

* بەفیڕۆدانی کات و کەم کردنەوەی ماندووبوون: بازارە ئەلیکترۆنیەکان (E-Market) بەشێوەیەکی بەردەوام (بەدرێژایی ڕۆژ و بێ پشودان)کراوەن. موشتەری بۆ کڕینی بەرهەمێکی دیاریکراو پێویستی بەسەفەر یاخود چاوەڕوانی ناو سەرەگرتنی نابێت. هەروەها پێویست ناکات بەرهەمەکە بۆ ماڵەوە بگوازرێتەوە، داواشی لێناکرێت هەندێك زانیاری لە ڤیزە کارت داخیل بکات. لەتەك فیزەکارتیش چەندان سیستەمی پارەدانی گونجاو هەیە لەوانە، بەکارهێنانی دراوی ئەلیکترۆنی (E-money).

* سەربەستی هەڵبژاردن: بازرگانی ئەلیکترۆنی هەلی لەبارو دروست بۆ سەردانیکردنی هەمووجۆرە فرۆشگایەك لەسەر ئینتەرنێت دەڕەخسێنێت، هەروەها زانیاری تەواو لەبارەی هەموو جۆرە بەرهەمەکان بەموشتەریەکان دەدات. هەموو ئەمانەش بەبێ هیچ زۆرکردنێك لە فرۆشیار ئەنجام دەدرێت.

* دابەزینی نرخ : لەسەر ئینتەرنێت زۆر کۆمپانیا هەیە کە کاڵاکانیان بەنرخێکی کەمتر و نزمتر بەبەراورد بەبازرگانی ئاسایی دەفرۆشن. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کڕین و فرۆشتن لەسەر ئینتەرنیت زۆر لە تێچوونە خەرجکراوەکانی بازاڕی ئاسایی دەگەڕێتەوە. بێگومان ئەم دەرەنجامەش لە بەرژەوەندی موشتەریدایە.

* ڕەزامەندی بەکاربەر : ئینتەرنێت پەیوەندیکردنی کارلێکراوی ڕاستەوخۆ دابین دەکات، بەمەش ئاسانکاری پێشکەش بەکۆمپانیاکانی ناو بازاڕی ئەلیکترۆنی دەکرێت. تا لەو تایبەتمەندییە سوود وەربگرێت بۆ وەڵامدانەوەی خێرای پرسیار و ڕونکردنەوەکانی موشتەریەکان، کە ئەمەش دەبێتە مایەی ڕەزامەندی موشتەریەکان.

ئاسۆ و ئایندەی بازرگانی ئەلیکترۆنی

ڕۆژدوای ڕۆژ ژمارەی ئەو بازرگانانەی کە گەشبینی خۆیان بۆ سوودەکانی بازرگانی ئەلیکترۆنی دەردەبڕن لە زیادبووندان، چونکە ئەم جۆرە بازرگانییە نوێیە ڕێگا بە کۆمپانیا بچووکەکان دەدات پێشبڕکێی کۆمپانیا گەورەکان بکەن. زۆر لە تەکنیکەکانیش بۆ پەژمردەکردنی ئەو بەربەستانەی ڕووبەڕووی موشتەریەکان دەبنەوە نوێکراونەتەوە. بەتایبەتی لەڕووی نهێنی و ئاسایشی زانیارییە داراییەکان لەسەر ئینتەرنێت. گرینگترین ئەمجۆرە تەکنیکانەش پرۆتۆکۆڵی پراکتیزەکردنی ئاسایشی (Secure Socket Layers-SSL) وپرۆتۆکۆڵی جوڵانەوەی دارایی پارێزراو(Secure Electronic Transactions-SEL). بەدیارکەوتنی ئەمجۆرە تەکنیك و چارەسەرکردنانە دەبێتە هۆی لابردنی زۆر لەو ترسانەی کەلای هەندێك کەس هەیە، ئەم نیشانانەش موژدەی داهاتوویەکی گەشی بازرگانی ئەلیکترۆنی دەبەخشێت. بەکورتی بازرگانی ئەلیکترۆنی بۆتە حەقیقەتێکی وەستاو، ئاسۆ و توانستیشی لەم سنورە ناوەستێت. جا لەگەڵ ئەو هەموو نیشانانەی کە موژدەی داهاتوویەکی گەشی بازرگانی ئەلیکترۆنی دەدەن، کەچی کارێکی قورسە پێشبینی ئەوە بکەین ئەمجۆرە بازرگانییە چی بۆ ئیمە هەڵگرتووە . بەڵام تاکە شت کە گومان هەڵنەگرێت ئەوەیە بازرگانی ئەلیکترۆنی سەری هەڵداوە و دەیەوێت بەردەوامیش بێت.





# سەرەتایەک بۆ بەرنامەی
# سویش ماکس

مەهدی هادی ئۆمەربلی mahdawy4@yahoo.com

- وانەی دووەم -


■ خوێنەرانی سی فۆرکورد لەوانەی یەکەم ئاشنایەتییەکمان لەگەڵ بەرنامەی سویش ماکسدا کرد لەبارەی گرنگی ئەو بەرنامەوە چۆنیەتی دابەزاندنی و راڤەکردنی سێ شریتی سەرەکی ئەو بەرنامەیە، لەوانەی دووەم هەوڵدەدەین بچینە ناو بەرنامەکە و باسی کارە گرنگەکانی بکەین:

**چۆنیەتی نووسین لەبەرنامەی سویش ماکس :**


سەرەتا دەبێت بەرنامەکە بکەینەوە پەنجەرەیەکمان بۆ دەبێتەوە لەهەڵبژاردەی create new move کلیك دەکەین لەسەر new movie و راستەوخۆ لاپەرەیەکی سپیمان بۆ دەبێتەوە سەیری وێنەی 1-2 بکە :



وێنەی 1



وێنەی 2

لەو لاپەرەیە سپییەی کە پێماندەدات دەتوانین کاری نوسین و هێنانی وێنەو دەنگ و رەنگ و زۆرێك لە فۆرماتەکانی تر بخەینە ناو پرۆژەکەمان، بۆ نووسین لەو لاپەرەیە لای چەپی بەرنامە لەشریتی tools کلیك دەکەین لە سەر ئایکۆنی text tool کە لەسەر شێوەی وشەی T ئینگلیزیە سەیری وێنەی 3 بکە:




وێنەی 3

کاتێك کلیک لەسەری کرد یەکسەر دەتوانی لەهەر شوێنێکی لاپەرە سپییەکە کلیك بکەی دەتوانی نووسین ئەنجام بدەی، ئێمە بۆ نموونە بە زمانی کوردی دەنووسین (سی فۆر کورد) پاش نووسینەکەت دەتوانی کاری پێویست بۆ نووسینەکەت ئەنجام بدەی وەک رەنگ کردنی نووسینەکەو گەورەو بچووک کردنی و دانانی فۆنتی مەبەست و تۆخ کردنی نووسین و لارکردنەوەی و هێنانی بۆ لای راست و چەپ، ئەم کردارانەش ئەنجام دەدرێت لەسەر شریتی properties لای راستی بەرنامەکەیە سەیری وێنەی 4 بکە:



وێنەی 4


پاش ئەنجامدانی کاری مەبەست بۆ نووسینەکەمان ئێستا دەست دەکەین بەکارێکی گرنگی ئەو بەرنامەیە ئەویش چۆن جولەیەك بدەین بەو نووسینە، سەرەتا ئەو بەرنامەیە جولەیەکی زۆری ئامادەکراوی تێدایە وجولەی زۆر سەرنج راکێشی تێدایە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسەی کە کاری لەسەر دەکاو بۆ ئەو کارەی مەبەستیەتی، گشت ئەو جولانەش ناوەکانیان بە ئینگلیزیین، بەڵام لەسایتێکی عەرەبی توانیم ئەو ناوانە وەرگرم بە زمانی عەرەبی بەیارمەتی خودا منیش بۆتان لەناو سیدی تایبەت بەم گۆڤارە دادەنێین وەلەداهاتوویەکی نزیك گشت ناوی ئەو ئیفێکتانە دەکەین بە کوردی، کلیکی نووسینەکەت بکەو نووسینەکەت کە تحدید بوو دەچیتە لیستی insert لەوێش هەڵبژاردەی Effect ئەویش کۆمەڵێك هەڵبژاردەی تری لێدەبێتەوە بەتایبەت هەڵبژاردەکانی لای خوارەوەی نزیکەی 200 جوڵەی جۆراوجۆری تێدایە بەئارەزووی خۆت جوڵەیەك هەڵبژێرە سەیری وێنەی 5 بکە:


وێنەی 5


کاتێك کلیك کرد لەسەر هەر جوڵەیەك، لەسەرەوە لەسەر شریتی control toolbar دەتوانی نمایشی کارە فلاشیەکەت ببینی بەکلیك کردن لەسەر ئایکۆنی play movie وە راوەستانی کارەکەت ئەمیش هەر لەهەمان شریتە بەکلیك کردن لەسەر ئایکۆنی stop سەیری وێنەی خوارەوە بکە:



وە ئەگەر لە پاش نمایش کردنی کارەکەت ئەم جوڵەیەی کە پێت دابوو، بەدڵت نەبوو ئەوە دەتوانی ئەم جوڵەیە رەش بکەیەوەو لە شوێنی ئەو جوڵەیەکی تری پێبدەی بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەش لای سەرەوەی بەرنامەکە شریتی timeline هەیە کە شێوازی مەستەرەیەکە دەبینین ناوی ئیفێکتەکە یانی ئەو جوڵەی بەنووسینەکەمان دابوو هەیە بۆ نموونە ئەو جوڵەی ئێمە بەنووسینەکەمان دابوو ناووی zig-zaga دەبینین هەمان ناو لەو شریتە لەسەر مەستەرەکە نووسراوە بۆرەشکردنەوەی ئەم ئیفێکتە دەتوانی کلیکی راستی لەسەر بکەی و دواتر هەڵبژاردەی Delete effect کلیك بکەو یەکسەر راستەوخۆ ئەم ئیفێکتە نامێنێت سەیری وێنەی 6 بکە:


وێنەی 6

و بۆ دانانەوەی جوڵەیەکیتر هەمان کرداری پێشوو ئەنجام دەدەینەوە، بەڵام شتێکی گرنگ لێرە دەمەوێت باسی بکەم ئەویش دانانی زیاتر لە جوڵەیەکە بۆ نووسینەکانمان بۆ نموونە ئەو نووسینەی نووسیومانە سی فۆر کورد جوڵەی یەکەممان پێدا کە هەڵستا بەهێنانی نووسینەکە وشە بەووشە لەسەرەوە بۆ خوارەوە بەڵام دوای ئەو جولەیە حەزمانکرد جوڵەیەکی تری پێبدەین بۆنموونە کە نمایشی یەکەم تەواو بوو بچێتە جوڵەیەکیتر ئەویش ئەمجارەین لەکاتی وەستانی وشەکان لەخوارەوە هەموو بەخێرایەکی زۆر بچێت بۆلای راست یان چەپ یان هەرجوڵەیەك کە خۆت ئارەزووی دەکەی، بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەش سەرەتا وەك لە پێش ئێستا باسمان کرد هەڵدەستی بەدانی ئیفێکتێك بۆ نووسینەکەمان یانی جوڵەیەك دواتر لەسەرەوە لە شریتی timeline لەسەر مەستەرەکە هەڵدەستین بەکلیك کردن لەسەر کۆتایی ئیفێکتی یەکەم و بەهەمان شێوەی پێشوو دەتوانین ئیفێکتێکیتر بێنین و ئەمجاریان دووجوڵەماندا بە نووسینەکەمان وبەهەمان شێوە بۆ دانانی جووڵەی سێیەم دەبێت کلیك بکەین لە کۆتایی ئیفێکتی دووەم ئەو کات دەتوانین چەند جوڵەمان بوێت بەمشێوەیە رێکی بخەین سەیری وێنەی 7 بکە:


وێنەی 7

لەبەشێکی تری ئەم وانەیەدا دەمەوێت باسی ئەوە بکەم چۆن دەنگێك یان وێنەیەك بێنین بۆ کارە فلاشیەکەمان، لە شریتی insert tollbar لەسەرەوەی بەرنامەکەیە دەتوانین هەر وێنەیەك یان دەنگێك بێنین بۆ کارە فلاشیەکەمان وەك لەو وێنەی خوارەوە دیارە:



تێبینی : لەم وانەیەدا ووشەی (ئیفێکت و جوڵەمان) لەزۆر شوێن بەکارهێناوە لەبەر پێویستی شوێنەکە، و هەردوو ووشە یەك مانایان هەیە.

# چەند کارێکی پێویست دوای فۆرمات و دانانەوەی سیستەم




محەممەد مێرگەیی muhamada4@yahoo.com - بەشی یەکەم -


■ له پاش هەر فۆرماتکردنێکی کۆمپیوتەر و دانانەوەی سیستەم (بۆ نموونە سیستەمی Windows XP)، کارێکی گرنگ هەیە کە دەبێت بەر لە لابردنی سیدی سیستەمەکە لەناو سیدی رۆمی کۆمپیوتەردا ئەنجامی بدەین، چونکە پێویستی بە سیدی سیستەمەکە دەبێت و بۆ ئەوەی جارێکی تر نەگەڕێینەوە بۆ سیدییەکە. (هەرچەندە دەبێت بگوترێت کە ئەم کارانەی لەم بەشەدا باسیان لێوە دەکەم، سیدییەکە خۆی لە میانی دانانەوەی سیستەمدا، داوامان لێدەکات ئەنجامیان بدەین، بەڵام لەوانەیە زۆربەمان لەو کاتەدا ئەم کردارانە ئەنجام نەدەین و بۆ دوایی بەجێیان بهێڵین).

یەکێك لە گرفتە سەرەکییەکانی دوای دانانەوەی سیستەم، بریتییە لە گرفتی تەنسیقکردنی زمانی عەرەبی، بۆیە بۆ ئیزافەکردنی زمانی عەرەبی بۆ سەر لائیحە و لیستی زمانەکانی ناو سیستەم، ئەم هەنگاوانە دەگرینە بەر: start --> control panel --> Regional and Language Options ---> Advanced


وەکو ئەم وێنەیە:




بەڵام ئەگەر مینوی Start جۆری Classic Start) Menu) بوو ئەوا وەك وێنەی خوارەوە دەبێت.



دوای ئەوەی ویندۆی Control Panel دەکرێتەوە، کلیك لەسەر بەشی Regional and Language Options دەکەین، وەك ئەم وێنەیە:




هەروەك لە وێنەی خوارەوەدا دیارە، لە ویندۆکە و لە تابی Advanced دا نیشانەکە لەسەر زمانی عەرەبی دادەنێین و پاشان کلیك لەسەر OK دەکەین، ئێستا دەستدەکات بە وەرگرتنی فایلاتی پێویست لە سیدی ئێکسپییەکە و دوای ماوەیەکی کەم داوای ریستارت کردن دەکات، ریستارتی دەکەینەوە، بەمەش زمانی عەرەبی ئیزافە دەبێت بۆ سەر لائیحەی زمانەکانی ناو خانەی بەشی Language for non-Unicode programs، کە پێشتر تێیدا نەبوو، وەك لەم وێنەیە روون کراوەتەوە:



پاشان ئەمە بۆ ئیزافەکردنی زمانی عەرەبی و

تەنسیقکردنی لەگەڵ کیبۆرد، ئەم هەنگاوانە دەگرینەبەر:
start --> control panel -->
Regional and Language Options ---> Details -->
Languages

دوای کردنەوەی ویندۆکە، لە تابی Languages کلیك لەسەر خانەی Details دەکەین، وەك وێنەی خوارەوە:





دوای کلیك کردن لەسەر خانەی Details ویندۆیەکمان بۆ دەکرێتەوە بە ناوی:
Text Services and Input Languages لەم ویندۆیەدا کلیك لەسەر خانەی Add دەکەین وەك وێنەی خوارەوە:





بەمەش ویندۆی Add Input Language دەکرێتەوە و لە خانەی Input Language زمانێکی عەرەبی بۆ نموونە

(Arabic [Saudi Arabia]) هەڵدەبژێرین و پاشان کلیك لەسەر Ok دەکەین، وەك ئەم وێنەیە:




پاشان کلیك لەسەر Ok دەکەین، بەمشێوەیە دەبینین زمانی عەرەبی ئیزافە دەبێت بۆ سەر ویندۆی:
Text Services and Input Languages ئینجا کلیك لەسەر Ok دەکەین، وەکو وێنەی خوارەوە:





بەمەش گرفتی تەنسیقی زمانی عەرەبی و کیبۆرد نامێنێت.
هەروەها دەبینین لەسەر شریتی تاسکبارێش شریتی زمان ئیزافە دەبێت بەناوی Language bar وەکو وێنەی خوارەوە:




له کۆتایی ئەم بەشەدا دەمەوێت ئاماژە بە گرفتێك بكەم كە بە هەمان شێوە پەیوەندی بە تەنسیقكردنی زمانی عەرەبییەوە هەیە، بۆ نموونە كە دەمانەوێت قاموسەكانی وەكو: (vb soft dictionary و Golden Al-Wafi Translator سێتئەپ بكەین، دەبینین قاموسەكە سێتئەپ نابێت، بۆ چارەسەركردنی ئەم گرفتەش ئەم هەنگاوانەی خوارەوە دەگرینەبەر:

start --> control panel --> Regional and Language Options ---> Advanced

له تابی Advanced و له لیستی زمانەكاندا زمانی (Arabic [[Saudi Arabia]) هەڵدەبژێرین، ئینجا كلیك لەسەر Ok دەكەین و كۆمپیوتەر ریستارت دەكەینەوە، دەبینین گرفتەكە نەماوە و قاموسەكە بە ئاسانی سێتئەپ دەبێت، (بەڵام لێرەدا دەبێت ئەوە بزانین كە پێویستە پێشتر زمانی عەرەبی ئیزافە كرابێت بۆ سەر لائیحەی زمانەكان، هەروەك له هەنگاوەكانی سەرەوەدا ئاماژەمان پێداوە).




# چۆنیەتی لابردن و هێنانەوەی control panel

سازان عەلی sazanali@ymail.com


لەوانەیە بە هۆی هەندێك هەڵەوە كۆنترۆڵ پەناڵ لە دەست بدەین ئەمەش كێشەیەكی گەورەیە چونكە زۆر كات كارمان پێی دەبێت. یاخود بۆ زیاتر پاراستنی كۆمپیوتەرەكەمان هەوڵدەدەین كۆنترۆڵ پانێڵ بشارینەوە بۆ ئەوەی كەس بە هۆیەوە دەستكاری كۆمپیوتەرەكەمان نەكات. جا لێرە مەبەستم ئەوەیە كە چۆن بیهێنینەوە بەشێوەی ئاسان كلیكی راست دەكەین لە سەر taskbar <<properties هەڵدەبژێرین، دواتر لە تابی stert menu دا customize هەڵدەبژێرین. پاشان تابی advance هەڵدەبژێرین: وەك لە وێنەكەدا دیارە لە خاڵی:


1- كۆنترۆڵ پەناڵ دەردەكەوێ بە شێوەی لینك

2- كۆنترۆڵ پەناڵ دەردەكەوێ لەگەڵ ناوەرۆكیدا

3- كۆنترۆڵ پەناڵ دەرناكەوێت

یەكێك لەوانە هەڵدەبژێرین دوای ok دەكەین



# پرۆژەی دروستکردنی یەکەمین کۆمپیوتەری بەهەست

■ کۆمپیوتەر بێ هەستە، پارچەیەکە لە ئاسن و شعوری نییە، کۆمپیوتەری بێ هەست و سۆز... ئەمانەو چەندان دەستەواژەی تر بوونەتە چەمکێك بۆ وەسفکردنی کۆمپیوتەر، بەتایبەتی چونکە تایبەتمەندی سەرەکی ئەم ئامێرە بریتییە لە بەجێ گەیاندنی ئەو فەرمانانەی کە مرۆڤ پێی دەدات. کەواتە سەربەخۆ هیچ کارێك ناکات. رۆبۆتێکەو فەرمان بە جێدەگەیەنێت، بەڵام بەم دواییە زانایان بڕیاری یاخی بوونیان لەو تایبەتمەندیەیدا، کە هەر لەداهێنانیەوە بە کۆمپیوتەر لکاوە. ئەو هەڵگەڕانەوەیە لەکاتی هەوڵەکانی (جیرالد ئیدلمان) لە پەیمانگەی (Neurosciences)ی سان دیاگۆی ویلایەتی کالیفۆرنیا بەدیارکەوت، کە هەڵسا بەگەشەپێدانی کەلوپەلە سەرەتاییەکانی کۆمپیوتەر بۆ لاسایکردنەوەی چالاکییەکانی مرۆڤ. گومانی تێدانییە ژمارەی خانەکانی دەمارو گەیاندنیان زۆر کەمترە بە بەراوردی مرۆڤ، بەڵام بەشێوەیەکی باش ئەم بەرهەمە نوێیە دەتوانێت تێبگات و بیربکاتەوەو لەگەڵ ژینگەی دەورووبەری کارلەیەك بکات، دوای ئەوەی کامێرایەکی ڤیدیۆیی و دەنگ گەورەکەرو پارچەیەکی پۆلایی وەك قوڵف و کارەباو تەندارەکانی بۆ رۆبۆتەکەی زیادکراوە، کە بەمانە کۆمپیوتەرەکە هەست بە برسیەتی دەکات و داوای بەزەیی لەبەکارهێنەرانی دەکات.

ئەم یاخیبوونە گواستراوە ناو کۆمپانیای (IBM)ی جیهانی، هەروەك بەم دواییە ئەم کۆمپانیایە بڕیاریدا رابەرایەتی پرۆژەیەکی هاوبەش بکات بە پشتگیریکردنی دارایی دەسەڵاتدارانی ئەمەریکی بۆ داهێنانی سیستەمێکی ئەلیکترۆنی لاسایی مێشکی مرۆڤ بکاتەوە، ئەم پرۆژەیەش بەشێکە لە پرۆگرامێك کە بە "دەرك پێکردنی کۆمپیوتەری" ناودەبرێت و پسپۆڕانی بایۆلۆژیای دەمارەکان و پیشەسازی کۆمپیوتەر و زانایانی ماددەو دەروونناسان بەشداری تێدا دەکەن، بیرۆکەی سەرەکی "دەرك پێکردنی کۆمپیوتەر"ی لە داهێنانیئەوئامێرانە بەدیاردەکەوێت کە دەتوانن هەڵسن بە چالاکی هاوشێوەی ئەوکارانەی کە مێشك بەکاریگەری ژینگەو جولەو رەوشتی خۆی ئەنجامی دەدا.



پرۆژەکە وەك یەکەم بەخششی حکومی لە ئاژانسی دارایی سەر بەوەزارەتی بەرگری ئەمەریکی 4.9 ملیۆن دۆلاری پێدرا. (درامەندرا مودار)ی زانای سەر بە کۆمپانیای (IBM) کە رابەرایەتی پرۆژە هاوبەشیەکە دەکات گووتی: بیر لەرێگای هەستەکان توانایەکی سەر سوڕهێنەری هەیە بۆ تێکەڵکردنی زانیاریە شڵەژاوو نادیارەکان. هەروەها بەبێ ماندووبوون دەتوانێت بەپێی کات و سات هەستەکان رێکخات و توانای بەیەك بەستنەوەی کەل و پەلەکانیشی هەیە. دواتر گووتی: تائێستا کۆمپیوتەرێك نییە، تەنانەت لە دوورەوەش بتوانێت لەو بەرهەمە نایابەی هزر و هۆش نزیك بێتەوە. IBM بەمەبەستی تێکەڵکردنی ئەو شتانەی کە زانست لەبواری سیستەمەکانی بایۆلۆژی لەگەڵ ئەنجامەکانی تاقکردنەوەی ئەلیکترۆنی بۆ چالاکیەکانی خانەکانی دەماری مێشك گەیشتوویەتی، دەچێتە پاڵ پێنج زانکۆی ئەمەریکی. زانایان هیوایان ئەویە لە ئایندەیەکی نزیك سیستەمێکی ئەلیکترۆنی وەها بنیات بنێن ئاڵۆزی و وردەکاریەکانی ناوی لە ئاڵۆزی مێشك نزیك بێت.



# بەرنامەیەک بۆ دروستکردنی (theme) لە ویندۆز ئێکس پی



عومەر دلزار محەمەد omarnaqshbandy@yahoo.com


■ یەکەم :ئەم بەرنامەیە دەتوانێت بە شێوەیەکی جوان شاشەی کۆمپیوتەرمان بۆ برازێنێتەوە کە دەتوانێت ویندۆی بەخێرهاتن و شریتی تاسک بار و دیسک تۆپ و ئایکۆنەکان بگۆڕێت بۆ ئەو شێوەی کە دەمانەوێت. سەرەتا بەرنامەکە لەناو سیدی گۆڤاری سیفۆرکورد سێتەپ دەکەین. پاش ئەوەی بەرنامەکەمان دابەزاند کلیك لەسەر start دەکەین ئینجا دەچینە سەرAll programs بەرنامەکە لەوێ بە ناوی style xp کلیکی لە سەر دەکەین و بەرنامەکە دەکرێتەوە .

دووەم:پاش ئەوەی بەرنامەکەمان کردەوە لەناو بەرنامەکەدا کلیك لە سەر Explorer Bar دەکەین پاشان کلیك لەسەر iCandy Jr دەکەین و پاشان کلیك لەسەر Explorer Bar Apply دەکەین دەبینین کە شێوەی ئایکۆنەکان دەگۆڕێت بەو شێوەی کە هەڵمانبژاردووە وەك لەم وێنەیەدا دیارە:





سێیەم: لە ڕێگەی themes دەتوانین شێوەی گشتی ئایکۆنەکان بگۆڕین کە چەندین شێوەی جۆراوجۆری تێدایە بۆ نموونە کلیك لەسەرBlade دەکین پاشان کلیك لەسەر Apple theme دەکەین وەك لەو وێنەیەی ئەوبەردا دیارە:

چوارەم: لە Backgrounds دەتوانین وێنەیەکی جوان




هەڵبژێرین بۆ سەر Desktop وەك ئەم وێنەیە:




پێنجەم: Boot screen دەتوانین وێنەی ویندۆی بەخێرهاتن بگۆڕین بۆ شێوەیەکیتر وەك ئەم وێنەی خوارەوە:





تێبینی: پرۆگرامەکە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆلدەری (StyleXPInstall) هەیە.




# دۆزینەوەی ڕێژەی دەرچوون لە پرۆگرامی مایکرۆسۆفت ئێکسڵ

ڕەسوڵ بایز - کۆیە
rosee_land@yahoo.com

زۆرجار پێویستیمان بەوە دەبێت ڕێژەی نمرەکانمان بزانین کە لە سەدا چەندمان هێناوە کە بە حاسیبەی بچوکی دەستی یان مۆبایل زۆر جار ئەنجامی دەدەین بەڵام بە شێوەیەکی ئاسان و خێرا ناکرێت یاخود زۆر جار دەکەوینە هەڵەوە، بێگومان لە ڕێگەی کۆمپیوتەریشەوە لەناو پرۆگرامی ئێکسڵ دەتوانین ئەم کردارە ئەنجام بدەین بەڵام بە شێوەیەکی ئاسانتر کەمتر توش بوون بە هەڵە: دوای ئەوەی ژمارەکانمان نوسی پێویستە لە شوێنی مەبەست کرتە بکەین واتە ئەو شوێنەی دەمانەوی ڕێژەکەی لێبنوسرێت، پاشان دەچینە (Format) دواتر (Cell) وەکو لەم وێنەیەدا دیار کەوتوە:





دواتر (Number) دەبینین پەنجەرەیەک دەکرێتەوە و تیایدا لە لای سەرەوەی دەستی چەپ لەژێر (Category) کۆمەڵێک فرمان هەیە هەروەکو لەم روکارەدا دیارە:





ئێمە کرتە لەسەر (Custom) دەکەین دواتر دێین لەلای دەستی ڕاست ڕێژەی سفر لەسەدا (0%) دیاری ئەکەین و پاشان (Ok) کرتە دەکەین، ئێنجا هەرلەهەمان شوێنێ کە دەمانەوێت نسبەکەی لێدەربچێت دێین ئەم یاسایە دەنوسین (=سەرجەمی وانەکان -سەرجەمی وانە کەوتوەکان)÷ سەرجەمی وانەکان، دواتر کرتە لەهەر خانەیەکی تر بکەی دەبینی ڕێژەکەت بۆ دەرچووە لە شوێنی مەبەست.

تێبینی ئەم یاسایەی من نوسیومە پێویستە لەکاتی مەبەست یاساکە بە ژمارە بنوسیت بۆ بە دەست هێنانی ڕێژەکە وەک لە وێنەی سێیەم دەرکەوتووە،

و هەروەها لەم ڕوونکردنەیەوە یانزە وانەمان هەیە و چواریان لە پەنجا کەمترە بەم شێوەیە (=11-4)/11 لە کۆتاییشدا ئەنجامەکە بەمشێوەیەی خوارەوە دەردەکەوێت:




وێنەی (٣)




وێنەی (٤)




# گرنگی (Forward) و (Replay) لەپۆستی ئەلیکترۆنیدا

■ وەک زانراوە تا ئێستا زۆر ڕێگەی جیاواز هەیە بۆ پەیوەندیکردن بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی، ئەمڕۆش زۆر باوە، تەنانەت پەیوەندیکردنی ئەندامانی یەک خێزانیش لەو ڕێگەیەوە بکرێت. جیاوازی لە نێوان پۆستێکی ئاسایی و پۆستێکی ئـەلیکترۆنی، هـەر ئـەوە نییە کە پۆستە ئەلیکترۆنییەکە خێراترە و لە ڕووی ئابوورییەوە کەمتری تێدەچێت بەڵکو دەتوانرێت فایل و داتای جیاجیا بنێردرێت، جارێکیتر بنێردرێت بۆ کەسێکیتر یان گرووپێک و زۆرتر. بەڵام زۆر لێکچوونیش هەیە لە نێوان پۆستێکی ئەلیکترۆنی و پۆستێکی کلاسیکی (ئـاسـایی)دا. بۆ نمونە هەردووڵا واتە (نێرەر) و (وەرگر) بێناونیشان نین، ئەگەر شێوەی ناونیشانەکانیش جیاوازبن. ئێمە بە داخەوە زۆر کەم گرنگی بە بابەت (subject) دەدەین، لە پێش ناردنی پۆستەکە، بۆ نمونە ئەگەر پۆستێك لە کەسێکەوە بەبێ بابەت بنێردرێت بۆ کەسێکیتر و لە ئەنجامی دووبارەبوونەوەی ئەم پۆستە کە دەبێتە هۆی بوونی چەند پۆستێکی زۆری بێ بابەت، کارێکی گران دەبێت بۆ وەرگر کە بتوانێت بەر لەکردنەوەی پۆستەکە کاتێك بە دوای پۆستێکی دیاریکراودا دەگەڕێت، بزانێت کامەیان کام ناوەڕۆکی هەیە؟ زۆر گرنگە کاتێك پۆستێکی ئەلیکترۆنی دەنێردرێت لــە کۆتاییدا واژۆ (signature) یـاخود بـەلایـەنی کـەمـەوە، نێرەر ناوی خۆی بنووسێت، چونکە ڕەنگە ناونیشانە پۆستییەکەی زۆر ڕوون نەبێت، کە لە چ کەسێکەوە هاتووە. پاشان یەکێك لەو شتە بەنرخانەی کە لە پۆستی ئەلەکترۆنیدا هەیە و پۆستێکی کلاسیکی نییەتی بەشی یان فەنکشنی "بینێرە بۆ"یە کە لەزمانی ئینگلیزی پێی دەوترێت (Forward)، ئەمە جیاوازی هەیە لەوەی کە کەسێك پۆستی یەکێکیتر ڕاستەوخۆ کۆپی بکاتە ناو پۆستێکەوە و بینێرێت.

بۆ نمونە گەر پۆستێك لە (هێمن)ەوە بڕوات بۆ (هەردە)، پاشان هەردە بییەوێت هەرچی هێمن نووسیویتی هەمان شتیش بە(حازم) بگات، بە کۆپیکردنی ئەو دەقەی هێمن بۆ ناو ئەو پۆستەی کە هەردە بە نیازە بینێرێت بۆ حازم، واتای فۆروارد ناگەیەنێت. چونکە کاتێك حازم پۆستەکەی پێدەگات نازانێت ئەمە کێ ناردوویەتی ئەگەر هەردە بۆی نەنووسێت. بەڵام بەفۆروارد کردنی ئەو پۆستە دوو کاری گرنگ ئەنجام دەدرێت:

1- هەردە پێویست ناکات هیچ ڕوونکردنەوەیەك دەربارەی هێمن کەنێرەری پۆستەکەیە بنووسێت، چونکە خۆی تێیدا نووسراوە: ناونیشان و کات و ڕێکەوت، وەک لەوێنەکەدا دیارە دەبینین زانیاری تەواوی هێمن نووسراوە کەنێرەری پۆستەکەیە.





2- حازم ئەگەر ویستی وەڵامی هێمن بداتەوە، پێویست ناکات بە دوای ناونیشانی پۆستی هێمن بگەڕێت، هەروەها دەتوانێت ڕاستەوخۆ وەڵامی هێمن بداتەوە.


لێرەشەوە گرنگی کارێکی تر بەرچاو دەکەوێت ئەویش وەڵامدانەوەیە! وەڵام کە بــەزمانــی ئینگلیزی پێیدەوترێت (Replay)، وەک فۆروارد گرنگە. ئەگەر هەمان نمونەی سـەرەوە وەربگرین، دەبینین کاتێك کە حازم ڕاستەوخۆ وەڵامی هێمن دەداتەوە، یەکسەر هێمن دەزانێت، ئەم پۆستە چۆن گەیشتۆتە دەستی حازم کە "لەڕێگەی هەردەوە"بووە. لە ڕاستیدا بەو شێوەیەی سەرەوە دەبێت پۆست بنێردرێت دەنا زۆر لە کارە هونەرییەکانی خۆی ون دەکات.

ئـەی خانەکانی (CC, BCC) چین؟ وەك لەوێنەکەی ئەوبەر بەدیار دەکەون:

کاتێك پۆستێك بۆ کەسێك دەنێریت، هەندێك خانەی تریش دەردەکـەون، ئەوانیش (CC, BCC)ین. خانەی (CC) بۆ ئـەوە کراوە کە (کۆپی)یەك بۆ کەسێکیتر بنێریت لە هەمانکاتدا کە پۆست بۆ کەسێکی دیاریکراو دەنێردرێت. بـەڵام خانـەی (BCC) سـوودی ئـەوەیە، کاتێك پۆستێك


دەنێردرێت بۆ کەسێك، کۆپییەکیش دەتوانرێت بنێردرێت بۆ کەسێکیتر بەڵام بەبێ ئەوەی کەسی پۆست بۆ نێردراو واتە ڕەسەنەکە ئەوەی لەخانەی (To) نووسراوە بزانێت کە کۆپییەك بۆ کەسێکیتر نێردراوە. کەواتە هەردوو خانەی (CC, BCC) کاری سەرەکییان کۆپی ناردنی پۆستی ئەلیکترۆنییە بۆ کەسانیتر، لەگەڵ تاکە جیاوازییەك لە نێوانیاندا ئەویش ئەوەیە لە کاتی بەکارهێنانی (BCC) پۆستپێگەیشتوو نازانێت کە کۆپییەك بۆ کەسێکیتر نێردراوە.








# فۆتۆشۆپی 11 بەبێ سێتاپکردن


■ تازەترین ڤێرژنی فۆتۆشۆپ پێی دەوترێت Photoshop CS4 و بە دوو شێوە دەرچووە، یەکێکیان تایبەتمەندی زۆرتری تێدایە کە یەکێك لەو تایبەتمەندیانە زیادکردنی 3D یەو بەهۆیەوە دەتوانیت کاری سێ دووری بکەیت. هەروەها جۆرێکی تریان فۆتۆشۆپی ئاساییە ئێمە ئەمەی دووهەممان هەڵبژاردوون کە لە نێو سیدی تایبەت بەم ژمارەی گۆڤار دانراوە، ئەوەشی دڵخۆشکەرە بەرنامەکە سێت ئەپی ناوێت و بە فولدەرەکەوە دەتوانیت کۆپی بکەیتە ناو کۆمپیوتەرەکەت و ڕاستەوخۆ بە کلیك کردن لەسەر ئایکۆنی فۆتۆشۆپەکە ئەوا بەرنامەکە دەکرێتەوە وەکو لەم وێنەیەدا دیارە:




کە دەبێ کلیك کرد لەسەری ئەو کات ئەم ڕوکارەی ئەوبەرت بۆ دەردەکەوێت:




لەم ڕوکارەی سەرەوە وەکو ئیشارەتمان بۆ کردوە کلیك لەسەر Accept دەکەین و ئەوکات ڕوکاری فۆتۆشۆپەکەمان بۆ دەکرێتەوە.



ئێمە باسی کارە تاەکانی ناکەین و خۆتان دەتوانن لە کاتی بەکارهێنانی بەرنامەکە شارەزا بن لە پێشکەوتن و کارە نایابەکانی ئەم ڤێرژنە.

ئەوەی ماوە بیڵێین ئەوەیە کە ئەم ڤێرژنە دەتوانیت زۆر بە ئاسانی بە کوردی پێ بنوسیت واتە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەراست دروستکراوە، هەروەها زۆر بە ئاسانی و خێرایی دەکرێتەوە.

تێبینی: پرۆگرامەکە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەری ( Photo Shop CS4) هەیە.


# دانانی وشەی نهێنی بۆ فایلەکانی بەرنامەی مایکرۆسۆفت ئێکسڵ



سەهەند عەلی حەمە – قۆناغی چوارەمی کۆلێژی کارگێری ئابووری s.c4kurd@yahoo.com

■ هەروەك دەزانین بەرنامەی ئێکسل یەکێکە لە بەهێزترین بەرنامە گرنگەکانی ئۆفیس کەبەکاردێت بۆ جێبەجێ کردنی و ڕێکخستن و سەیڤکردنی داتاکان هەروەها جێبەجێ کردنی کاری ژمێرکاری گەورە بچووك ...
لەم هۆکارانەشدا گرنگترینیان پاراستنی فایلەکانمانە و ڕێگرتن لە کردنەوەیان لە لایەن کەسانی ترەوە .. بۆ ئەم مەبەستەش ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕێگەیەکی ئاسانە بۆ دانانی پاسۆرد بۆ فایلەکانی ئێکسڵ.

※ لە لیستی فایل (File) دەچینە سەر فرمانی (Save as) دایەلۆگ بۆکسی تایبەت دەکرێتەوە و کلیک (Tools) دەکەین و لە خوارەوە فرمانی (General options) دایلۆگ بۆکسێکمان بۆ دەکرێتەوە:





ئەم گۆڕان کاریانە ئەنجام دەدەین:

※ ئەگەر هاتوو کلیکی خانەی (Always create backup) بکەین ئەوا هەمان فایلی خۆمان کۆپی دەکات هەربەناوی فایلەکەی خۆمان وە لە هەمان شوێن دای دەنێ.

※ لە خانەی (Password to open) ووشەی نهێنیەکە بنووسە کە بەکاردێت بۆ کردنەوەی فایلەکان.

※ لە خانەی (Password to modify) بەکاردێت بۆ خەزن کردنی گۆڕان کاریەکان کە لەفایلەکانمان ئەنجامی دەدەین
ئەگەر کلیکی خانەی (Read only recommended) بکەین، لەکاتی کردنەوەمان دایلۆك بۆکسێکی ڕونکردنەوەمان دەداتێ کە ئەم فایلە تەنها بۆ خوێندنەوەیە ناتوانی گۆڕان کاری تێدا بکەیت .

※ دوای کلیك کردنی (OK) جارێکی تر داوای ووشەی نهێنیەکەت دەکاتەوە وە دوبارە هەمان وشە دەنووسین و کلیکی (OK) دەکەین.







دواتر دەگەڕێینەوە بۆ دایەلۆگ بۆکسی (Save as) ناوێکی دەنێین و سەیڤی دەکەینەوە.

※ لە کاتی کردنەوەی ئەم فایلە دایەلۆگ بۆکسی (Password) دمان بۆ دەکرێتەوە لە خانەی (Password) ووشەی نهێنی دەنووسین و (OK) دەکەین بەڵام ئەگەر ووشەی نهێنت لەبیر بچێ ئەوا ناتوانێ ئەم فایلە بکاتەوە .
لەهەمان کات دا دایەلۆگ بۆکسێکی ترمان بۆ دەکرێتەوە و کلیکی (Read only) زیاد دەبێت ئەگەر ووشەی نهێنی دووبارە نەی دەینێ و کلیکی (Read only) بکەین ئەوا فایلەکەمان بۆ دەکرێتەوە بە لاَم ناتوانین هیچ گۆڕان کاریەك تێدا ئەنجام بدەین تەنها ئەگەر ئەو فایلە بە ناوێکی تر خەزن نەکەین، بەلاَم ئەگەر دووبارە ووشەی نهێنیەکە بنووسین و کلیکی (OK) بکەین دەتوانین بەشێوەسەکی ئاسایی گۆڕان کاری تێدا بکەین.






# دروست کردنی ڕۆژژمێر بە بەرنامەی Microsoft Publisher 2003

کاروان ڕەشید karwan.computer@yahoo.com


■ لێرەدا باس لە چۆنیەتی دروستکردنی ڕۆژژمێر دەکەین بە بەرنامەی Microsoft Publisher 2003 ، ئەم بەرنامەیە لەگەڵ پرۆگرامەکانی مایکرۆسۆفت ئۆفیسدا هەیە واتە لەگەڵ بەرنامەکانی ( ... Access, Excel, Word)دا دادەبەزێت. بەرنامەیەکی زۆر گرنگەو زۆر کاری گرنگ و پێویستمان بۆ ئەنجام ئـەدات . بە بۆنەی هاتنی ساڵی نوێ وە دەتوانین ڕۆژمێرێکی جوان بۆ هاوڕێ خۆشەویستەکانمان دروست بکەین.

بۆ کردنەوەی بەرنامەکە دەچینە سەر Start > All Programs >Microsoft Office > Microsoft Publisher 2003


وەک وێنەی (1):





پاش ئـەوەی بەرنامـەکـەمان کـردەوە دەچینـە سەر Design sets وەک لەوێنەی (2) دا دیارە:





پاشان Accent Box Calendar هەڵدەبژێرین وەک وێنەی (3):




دوای ئـەوە یەکێك لەوشێوانە هەڵدەبژێرین کە خۆمان حەزمان لێیەتی ئێمە لێرەدا Yearly هەڵدەبژێرین کە هەموو مانگەکانمان پیشان ئەدات وەک لەوێنەی (4)دا دیارە:




دوای ئەوە دەچینە سەر Publication Designs لێرەدا شێوەیەکی جوان دیاری دەکەین بۆی وەک وێنەی (5):




دوای ئـەوەی دیـاری مان کرد بەدڵی خۆمان گۆڕانکاری تیادەکەین وپاشان خەزنی دەکەین لەناو کۆمپیوتەرەکەماندا وئەگەر Printer مان هەبوو پرنتی دەکەین بۆ سەر پەڕە چاپ دەبێت لە سەری .


### زمانی دروست کردنی وێب سایت

# سەرەتایەك بۆ زمانی HTML


HTML کورتکراوەی (Hype Text Markup Language) بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ناتوانین ناوی لێبنێین زمانی پرۆگرامینگ، چونکە مەرج و لوپ و کاری ئاڵۆزی پێ ناکرێت وەکو چۆن بە زمانەکانی تری وەکو C و ڤیژوەڵ بەیسك دەکرێت. هەروەها یەکێك لە جیاکراوەکانی تری ئەوەیە کە پێویستی بە بەرنامەیەکی تایبەت نیە بۆ کارپێکردنی بەڵکو ڕاستەوخۆ بەشێوەی فایلی ئینتەرنێت کار دەکات و دەکرێتەوە.

لەگەڵ ئەمانەش زمانێکی سادەو ساکارەو بە ئاسانی فێری دەبیت و پێویستی بەوە نیە باکگراوندی پرۆگرامسازیت هەبێت، بەڵکو هەندێك (تاگ)ی تایبەتی هەیەو بە زانینیان دەتوانی کاری جوانیان پێ بکەیت. یەکێك لە هەرە کارە گرنگەکانی HTML ئەوەیە کە دەتوانیت سایتی پێ دروست بکەیت و کۆنترۆڵی ڕەنگ و شێوەی سایتەکەتی پێ بکەیت.


هەر تاگێکی HTML پێویستی بە سەرەتاو دوایش داخستنی هەیە بۆ نمونە ئەگەر بنوسین <HTML> ئەوا پێویستە لە دوای ئەو دای بخەین بەم شێوەیە </HTML>. سەرەتا بۆ ئەوەی کارەکانمان بکەین دەبێت لەبەرنامەی Notepad کۆدەکان بنوسین. بۆ ئەم مەبەستە بەرنامەی نۆت پاد بکەرەوە ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە:




دوای ئەوەی بەرنامەکەمان کردەوە پێویستە بە شێوەی html. یاخود htm. سەیڤی بکەین. بۆ ئەو مەبەستە دوای کردنەوە بەرنامەکە کلیك لەسەر File و دوای ئەویش Save As کلیك بکە بەم شێوەیەی خوارەوە:





دوای ئەوە ئەم ڕوکارەت بۆ دەردەچێت و پێویستە ناوی فایلەکەت بنێیت و دوای ئەویش لە دوای ناوەکە بنوسیت html یان htm وەکو لەم وێنەیەدا ڕون بۆتەوە:





تکایە زۆر ئاگاداری ئەوە بە کە فایلەکەت بە شێوەی html سەیڤ بکەیت تاکو وەکو شێوەی فایلێکی ئینتەرنێتی لێ بێت. دوای ئەوە کلیك لەسەر Save بکەو فایلەکەت لەشوێنێك سەیڤ بکە، بۆ نمونە ئێمە لە دیسکتۆپ سەیڤمان کردووە دوای ئەوە دەست دەکەیت بە نوسینی کۆدەکاتی HTML.

سەرەتا بۆ هەموو کارێکمان پێویستە بەوە هەیە ئەم تاگانەی خوارەوەمان هەبێت:




ئـەوەی پێویستە باسی بکەین ئـەوەیە کە <TITLE> بۆ ناونیشانی فایلەکەت بەکاردێت. هەروەها پێویستە هەموو کارەکانمان لە نێوان <BODY> و </BODY> یدا بێت. بۆ نمونە ئێمە نوسیمانە Hello Kurdistan ئەوا ئەنجامەکەی کە فایلەکە لە سەر دیسك تۆپ دەکەینەوە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:




لێرەدا دەتوانین زۆر گۆڕانکاری بکەین لـەو نوسینەی خۆماندا ئەویش بە بەکارهێنانی تاگەکانی HTML وەکو ئەمانەی خوارەوە:

ئەگەر بمانەوێت نوسینەکەمان تۆخ بکەین ئەوا نوسینەکەمان دەخەینە نێوان <B> و </B> وە وەکو ئەم شێوەیەی خوارەوە:

```
<HTML>
<HEAD>
<TITLE> My Website </TITLE>
</HEAD>
<BODY>

<B> Hello Kurdistan </B>

</BODY>

</HTML>
```

ئەگەریش بمانەوێت خەتی لەژێر بێت دەیخەینە نێوان <U> و </U> . بەڵام ئەگەر بمانەوێت قەبارەی نوسینەکەمان گەورە بکەین ئەوا ئەم کۆدە بەکاردەهێنین:


```
<font size=12> Hello Kurdistan </font>
```

بە کەم کردنەوەو زیاد کردنی ژمارە 12 ئەوە قەبارەی نوسینەکەمان گەورەو بچوك دەبێت.
ئەگەریش بمانەوێت ڕەنگە نوسینەکەمان بگۆڕین ئەوا بەم شێوەیە دەینوسین:

```
<font size=12 color=red> Hello Kurdistan </font>
```

تەنها color=red مان زیاد کرد ئەوا ڕەنگی نوسینەکەمان دەبێتە سور، بەو شێوەیە ناوی هەر ڕەنگێك بنوسیت ئەوا ڕەنگی نوسینەکەت دەبێتە ئەو ڕەنگە.
بەڵام ئەگەر بمانەوێت Hello لە دێرێك بە تەنها بێت و Kurdistan یش لە دێرێکی تر بێت ئـەوا <BR> بەکار دەهێنین وەکو لەم وێنەیەدا دیارە:

```
<font size=12> Hello <BR> Kurdistan </font>
```




ئـەوکـات نوسینە کە مان بـەم شێوەیە دەردەکەوێت:
بۆ نوسینی سەردێر <H1> بەکاردەهێنین و وەکو ئەم شێوەیەی خوارەوە:

```
<HTML>
<HEAD>
<TITLE> My Website </TITLE>
</HEAD>
<BODY>

<H1> Hello Kurdistan </H1>
<H2> Hello Kurdistan </H2>
<H3> Hello Kurdistan </H3>

</BODY>

</HTML>
```

ئەگەر سەیری بکەین هەرکاتێك ژمارەی پاڵ پیتی H زیاد بکەین ئەوا وەکو لەم وێنەیەی خوارەوە دەردەکەوێت سەردێرەکان بچوکتر دەبنەوە:




ئەگەر بمانەوێت نوسینەکەمان لە ناوەراست دەربکەوێت ئەوا ئەم کۆدە بەکاردەهێنین <p align=center> و دوایش بە </p> دایدەخەین وەکو لەم وێنەیەدا دیارە:

```
<p align=center>
Hello Kurdistan
</p>
```

بۆ دروستکردنی لینك ئەوا دەتوانین نوسینەکەمان لە دوای ئەم کۆدە بنوسین <a href=http://www.c4kurd.com> و دوایش بە </a> دایبخەین وەکو لەم وێنەیەدا دیارە:

```
<a href=http://www.c4kurd.com>
Hello Kurdistan
</a>
```

ئەنجامەکەی لە نێو پەرەکە نوسراوە Hello Kurdistan و ئەگەر کلیکی لەسەر بکەیت ئەوا سایتی سی فۆر کورد دەکرێتەوە.
لەلایەکی تر ئەگەر بمانەوێت وێنە پیشان بدەین ئەوا سەرەتا پێویستە بزانین وینەکە لە کێدا دا دەنێین. بۆ نمونە ئەگەر وێنەیەکمان هەبێت بە ناوی kurd و لە هەمان شوینی فایلەکەمان دای بنێین کە کۆدەکانی تێدا دەنوسین ئەوا بۆ دەرکەوتنی وێنەکە ئەم تاگە بەکاردەهێنین:

```
<img src=kurd.jpg>
```

ئاگاداربە پێویستە ئیکستێنشنی وینەکە بنوسین کە لێرە jpg یەو بە بێ ئەوە وێنەکەمان بۆ نیشان نادات.
ئەمانەی باسمان کرد دەروازەیەکە بۆ بەکارهێنانی تاگەکانی HTML و دەتوانیت بە هۆی فرۆنت پەیجەوە زیاتر شارەزا بیت چونکە لەکانی نوسینی هەر تاگێك لە بەرنامەی فرۆنتپەیج پێشنیاری شێوەی نوسینی تاگەکەت پێ دەدات.

## بە پێی راپۆرتێکی کۆمپانیای (ئێف سیکیور): ڕێژەی ڤایرۆسی ئینتەرنێت لە ساڵی ٢٠٠٨ سێ ئەوەندی زیادی کردووە

■ کۆمپانیای (ئێف سیکیور)ی تایبەتمەند لە بواری پاراستنی زانیارییەکان لە راپۆرتی ساڵانەی خۆی بۆ ساڵی ٢٠٠٨ رایگەیاند کە ڤایرۆسەکانی ئینتەرنێت بەرێژەی سێ ئەوەندە زیادی کردووە لەچاو ساڵی پار، کە ئەمەش رێژەیەکی ترسناکەو مەترسیەکی گەورەیە بۆ سەر ئاسایشی زانیارییەکان لەسەر تۆری ئینتەرنێت.
هەروەها لە راپۆرتەکەدا هاتووە کە تاوانەکانی ئینتەرنێتیش زۆر زیادی کردووە لە چاو جاران، ئەمەشی گەراندۆتەوە بۆ نەبوونی جیدییەت لە لایەن وڵاتان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە بۆ راوەدوونان و دەستگیرکردن و سزادانی تاوانبارانی ئەلیکترۆنی.
لە درێژەی راپۆرتەکەشدا هاتووە کە هاندەری سەرەکی زیادبوونی تاوانەکانی ئینتەرنێت دەستکەوتنی پارەو سامانە و ئەم تاوانانەی کە ئەمرۆ دەیان بینین دەرەنجامی کاری رێکخراوی ئەو تاوانبارانەیە کە تەکنۆلۆژیای زۆر پێشکەوتوو و ئاڵۆز بەکاردەهێنن بۆ گەیشتن بە ئامانجە تاوانکارییەکانیان.
ساڵی ٢٠٠٨ ساڵێکی ڤایرۆساوی بوو، ڤایرۆسەکانی ئۆڵەمپیادی ٢٠٠٨ی پەکین و ڤایرۆسەکانی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکاو چەندینی تر بەڵگەن لەسەر ئەمە..


# پرۆگرامی EasyFP بۆ قوفڵکردنی فایل و فۆڵدەر

■ زۆرجار بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەر حەز دەکەین کە ئەو فایلانەی تایبەتن بە خۆیان کەسانی تر نەتوانن سەیری بکەن و بیکەنەوە.

پرۆگرامی EasyFP هەڵدەستێت بە قوفڵکردنی هەر فایلێك یاخود فۆڵدەرێك کە حەز بکەیت، ئەویش لە ڕێگەی دانانی پاسۆرد بۆ فایلەکە.

دوای دامەزراندنی پرۆگرامەکە لە مینیۆی کلیکی ڕاست مینیۆی زیاد تایبەت بەو پرۆگرامە دروست دەبێت.


## چۆنیەتی ئەنجامدانی قوفڵدانەکە:





بۆ قوفڵکردنی هەر فایلێك یاخود فۆڵدەرێك کلیکی ڕاست لەسەر فۆڵدەرەکە دەکەین و کۆمانی (Encrypt) هەڵدەبژێرین وەکو لەم وێنەیەدا دیارە: ئینجا ویندۆیەك دەردەکەوێت کە تێدا داوای پاسۆرد دەکات بۆ قوفڵکردنەکە، لە خانەی یەکەم پاسۆردەکە دەنووسین و لەهی دووەمیان هەمان پاسۆرد دووبارە دەکەینەوە وەکو لە وێنەکەدا دیارە:





دەبینین شێوەی فایلەکان گۆڕاوە بۆ شێوەی قوفڵ و کلیك کە ئەمەش مانای ئەوەیە کە فایلەکان قوفڵکراون وەکو لە وێنەکەدا دیارن:




کاتێك بمانەوێت فایلەکان بکەینەوە دەبینین ئەم ویندۆیەمان بۆ دەردەکەوێت و ناتوانرێت فایلەکە بکرێتەوە.





بۆ کردنەوەی قوفڵەکە کلیکی ڕاست لەسەر هەمان فۆڵدەر یاخود فایل دەکەین کە قوفڵمان داوە و ئەمجارە (Decrypt) هەڵدەبژێرین وەکو لە وێنەکەدا دیارە:




پاشان داوای پاسۆردمان لێدەکات و دوای داخڵ کردنی پاسۆردەکە فایلەکە دەگەڕێتەوە شێوەی ئاسایی خۆیی و دەکرێتەوە، وەکو لەم وێنانەی خوارەوە دیارە:




تێبینی: پرۆگرامەکە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەری (EasyFP) هەیە.




# پرۆگرامی (Ulead media studio)

- بەشی دووەم -


نەجمەدین ئەحمەد عەزیز - قوتابی كۆلیژی ئەندازیاری بەشی پرۆگرامسازی njoom_fcyi@yahoo.com

## ■ چۆنیەتی دانانی (Video Filter) بۆ ناو ڤیدیۆ یان وێنە:


Filter/ فرمانی دانانی جوانكارییە بۆ ناو ڤیدیۆ یان وێنە، ئێمە باس لەیەكێكیان دەكەین،چونكە هیچ جیاوازی لەنێوانیان دانییە. لێرە باس لە هێنانی ڤیدیۆ دەكەین، پارچە ڤیدیۆیەك دەهێنین لە بۆشایی (Va) یان (V1) یان (V2) یان (V3) دادەنێین. بڕوانە وێنەی ژمارە (1):





بۆ هێنانی (Filter)، لەسەرەوە لەلای ڕاستی بەرنامەی میدیاستۆدیۆ لیستێك هەیە بەناوی (production library) كەوا جوولەكانی تێدا دیارە،هەروەها لەژێر ئەودا كەكلیكی لەسەر ئێرە دەكەین لیستێكی بچووك دەكرێتەوە چەند نوسینێكی تێدایە كە هەریەكەیان تایبەتە بەكارێك ئێمە (Video filter) هەڵدەبژێرین بۆهێنانی(filter). بڕوانە وێنەی ژمارە (2):





كە (Video filter)مان هەڵبژارد كۆمەڵێك(filter)ی جوانمان بۆ بەدەردەكەوێت .بڕوانە وێنەی ژمارە(3).




ئێستا ئێمە (filter)ێك بە ئارەزووی خۆمان دادەنێین ناو ڤیدیۆیەكە، كە(filter)ەكە كلیكی لەسەردەكین و رایدەكێشین بۆناو ڤیدیۆیەكە بەشێوەی (drag drop) دادەنێین ناو ڤیدیۆیەكە. بڕوانە وێنەی ژمارە (4):





كاتێك كە (filter)مان دانا ناو ڤیدیۆیەكە ڕاستەوخۆ پەنجەرەیەكمان بۆدەردەكەوێت ئێمە بۆ بینینی جوانكارییەكە كلیك لە سەر ئەم ئایكۆنە [▶] دەكەین كە جوانكارییەكەمان بینی پاشان كلیك لەسەر (ok) دەكەین. بڕوانەوێنەی ژمارە (5):





وە دەتوانرێت دەستكاری شێوەی فلتەرەكەش بكرێت لە رێگەی ئەو هۆكارانەی كە لە ژێر فلتەرەكەوە هەن وەكو (Length) ، (Radius) ... هتد.

## چۆنێتی دانان (كرۆكردن)ی نوسین بۆ ناو ڤیدیۆ یان وێنە:


هێنانی نوسین بۆ ناو ڤیدیۆ یان وێنە كارێكی زۆر گرنگە، زۆریش پێویستمان پێدەبێت بەتایبەتی لەكاتی مۆنتاژكردندا یان دروست كردنی ریكلام. بۆ هێنانی نوسین بۆ ناو ڤیدیۆیەكەما پێویستە پشت بە بەرنامەكان تر ببەستین وەك پاوەر پۆینت و وورد و پەینت و فۆتۆشۆپ. چونكە بەرنامەی میدیا ستۆدیۆ لەناو خۆیدا تەنها بە زمانی ئینگلیزی دەنوسێت فۆنتی كوردی و عەرەبی وەرناگرێت بۆیە ئێمە پەنادەبەینە بەر بەرنامەكانی ترەوە باشترین بەرنامە بۆ نووسین كەزۆرپیوەندی هەیە لەگەڵ میدیاستۆدیۆ بەرنامەی (فۆتۆشۆپە). ئێمەبۆ هێنانی نووسین بۆناو ڤیدیۆیەكەمان یان وێنە ئێمە سەرەتا بەرنامەی فۆتۆشۆپ دەكینەوە. وەرەقەیەكی نوێدەكینەوە پاشان كلیك لەسەر ئەم T ئایكۆنە دەكەین، ئینجا دەست بەنوسین دەكەین. بڕوانە وێنەی ژمارە(1):





كە نووسینەكەمان كرد سەیڤ (Save)ی دەكەین بەڵام دەبێت بە ئیمتیدادی (jpg) دا (Save) بكەین. بڕوانە وێنەی ژمارە (2):





كە نوسینەكەمان (Save) كرد بەرنامەكە دادەخین و بەرنامەی میدیا ستۆدیۆ دەكەینەوە ڤیدیۆ یەك دادەنێین ئینجا ئەو نووسینەی كەدەمانەوێت لەناو ڤیدۆدابنێین كلیك لەسەر ئەم دەكەین. لەكام شوێنە خەزنمان كردبوو (Open) دەكەین بەلاّم دەبێت ئەونووسینە لەبۆشایی (V1) یان (V2) یان (V3) دابنێین وە هەروەها نووسنەكەش بەئارەزووی خۆمان درێژ دەكەین. بڕوانە وێنەی ژمارە (3):





پاشان كەنوسنەكەمان دانا نوسینەكە دەستنیشان دەكەین و ئینجا رایت كلیكی لەسەر دەكەین ولیستێكمان بۆ دەكرێتەوە Overlay Options هەڵدەبژێرین. بڕوانە وێنەی ژمارە (4):



کە Overlay Options هەڵبژارد پەنجەرەیەکمان بۆ دەکرێتەوە لەناو ئەو پەنجەرە نووسینەکە بەدەردەکەوێت، کلیك لەناو شاشەی Overlay clip دەکەین دەبینین نوسینەکە کرۆمکراوەتە ناو ڤیدیۆیەکە. بڕوانە وێنەی ژمارە (5):-




کە نووسینەکە کرۆم بووە ناو ڤیدیۆییەکە دەبینین نوسینەکە ساف نییە بۆ سافکردنی نووسینەکە دەستکاری Blend/Opacity دەکەین و هەروەها بۆ زیادکردن و کەم کردنی کرۆمکردنی نووسین دەستکاری transparency دەکەین پاشان OK دەکەین. بڕوانەوێنەی ژمارە(6):




## چۆنیەتی جووڵانەوەی نووسین لەناو (ڤیدیۆ) یان (وێنە)دا:

جووڵانەوەی نووسین لەناو ڤیدیۆ یان وێنەدا کارێکی زۆر گرنگ و هونەرییە، زۆرجار لەناو ڤیدیۆکان دەبینین کەوا نووسین لەناو ڤیدیۆ لەلای ڕاست دەڕوات بۆلای چەپ یان (بەپێچەوانە) یان لەلای خوارەوە بۆلای سەرەوە یان (بەپێچەوانە) یان لە گۆشەیەکەوە بۆ گۆشەیەکی تر:


کە نووسینەکەمان کرۆم کرد ناو ڤیدیۆیەکە کە لە پێشتر ئاماژەمان بەکرۆمکردنی نووسینکردووە، دێین جووڵەیەک دەدەینە ئەو نووسینەی کەوا لە ناو ڤیدیۆییەکەماندا داناوە. بۆ هێنانی جووڵە بۆ ناو نووسین هێنانی (Effect) جووڵە، لیستێك هەیە بەناوی (production library) کەوا جووڵەی نووسینی تێدا دیارە، ئێمە (Moving Path) هەڵدەبژێرین کە فرمانی جووڵە دەداتە نووسین بەئارەزووی خۆمان کە چەند جووڵەی جوانی نووسینی تێدایە. بڕوانە وێنەی ژمارە (1):



کە (Moving Path)مان هەڵبژارد لیستێك کۆمەڵێك جووڵەی نووسینی جوانمان بۆ دەردەکەوێت. بڕوانە وێنەی ژمارە (2):





ئێستا دێین بەئارەزووی خۆمان جووڵەیەك دادەنێین ناو نووسینەکەمان کە (جووڵ)ەکە کلیکی لەسەر دەکەین و دەست هەڵناگرین ڕایدەکێشینە ناو نووسینەکە بەشێوەی (drag drop) کە داماڵا ناو نووسینەکە ڕاستەوخۆ پەنجەرەیەکمان بۆ بەدەردەکەوێت. بڕوانە وێنەی ژمارە (3):



کە ئەو پەنجەرەمان بۆ کرایەوە ئێمە دەست دەکەین بەچۆنیەتی جولانەوەی نوسینەکە لەناو ڤیدیۆ.


ئەگەر بمانەوێت نوسینەکە لە لای راست بڕوات بۆ لای چەپ ئەوا بەم شێوەیە لێیدەکەین.






ئەگەر بمانەوێت نووسینەکە لەلای خوارەوە بڕوات بۆلای سەرەوە ئەوا بەم شێوەیە لێیدەکەین.

ئەگەر بمانەوێت نوسینەکە لە گۆشەیەکەوە بڕوات بۆ گۆشەیەکی تر ئەوا بەم شێوەیە لێیدەکەین.



ئەگەر بمانەوێت نووسینەکە وەکو لۆگۆیەک لەگۆشەیەک دا بخولێتەوە ئەوا بەم شێوەیە لێیدەکەین.



بەئارەزووی خۆمان جوولەی نووسینەکەمان دیاری کرد لەناو ڤیدیۆ یان وێنە کلیك لەسەر (OK) دەکەین.

---




# لینوس تورڤاڵدس linus torvalds کێیە؟

نیاز قاسم کەریم net4kurd@gmail.com

■ لینوس تورڤالدس لە ساڵی 1969 لە فلەندا لە دایکبووە و ئەو کەسەیە کە لە زانکۆی هلسنکی فینلەندا دەیخوێند کە سیستەمی لینوکس (Linux) داواە وەك سیستەمەکانیتر دەتوانی کاری لەسەر بکەیت. جگە لەوە بە بەهێزی سیکیوریتی و خۆرایی بەناوبانگە.

لینوس گرینگی دا بەسیستەمی مینیکس (minix) کەلە سیستەمێکی بچوکی (Unix) دا بوو هەوڵیدا ئەو سیستەمە بەرەو پێش ببات چونکە لە پێوانەی مینوکس نەمابوو لینوس تورڤاڵدس بنەمای لینوکس دامەزاراند وە لۆگۆیەکی دانا کە (پێنگوینی لینوکس) کە خۆی هەڵی بژاردوە وەکو لە وێنەکەدا دیارە.

لە ساڵی 1991 دەستیکرد بەکار یەکەم دەرچونی 0.2 بوو تا ساڵی 1994 کە دەرچوی 1.0 ناوکە (kernel) لینوکسی دروستکرد و لە 2003 تازەترین ناوی لینوکس کە دەرچوی 2001 پەیدابوو و تا ئێستاش ئەوکەسانەی پەرەی پێ دەدەن بۆ بەرەو پێش بردنی هەر بەردەوامن. لینوکس ئێستا پەرەی زۆری پێ دەدرێت لە بەر تایبەتمەندە باشەکانی کە هەیەتی چەند سیستەمێك لەسەر ئەو بنەمایە دروست کراون (دابەشکردنی لینوکس)



کە ئەمانەن :

CentOS ,Damn Small Linux ,Debian , Fedora , Freespire , Gentoo , Knoppix , Linspire , Linux Mint , Mandriva Linux , openSUSE , PCLinuxOS , Puppy Linux , Sabayon Linux , Slackware , Ubuntu

دەتوانی بە ئارەزوی خۆت لەم ماڵپەرە دایبگریت کە هەموو دابەشکردنەکانی لینوکس تێدایە کە بەبێ بەرامبەرە واتە هەموویان بە خۆراین بەڵام ئاسانترینیان و بەربڵاو تریان ئوبونتو

http://www.linux.com/download_linux/

زۆربەی بەستەرەکانی لینوکس لەم ماڵپەرە دانراون:

http://www.portalux.com

مەڵبەندی زانیاری لینوکس:

http://www.linuxhq.com

داگرتنی ناوکی لینوکس:

http://www.kernel.org




# یانەی کوردستان وەڵامدەرەوەی پرسیارەکانتانە..

www.c4kurd.com/yane

■ یانەی کوردستان بەشێکی زیندووی سایتی سی فۆر کوردە و بەهۆیەوە دەتوانیت ببیتە ئەندام و هەر پرسیارو کێشەکەت هەبێت لەوێ چارەسەر بکرێت و بە وێنەوە بۆت رون بکرێتەوە.

یانەی کوردستان ژمارەی ئەندامەکان لە 1500 تێ پەڕیوە رۆژ بە رۆژیش ئەندامی زیاتر رووی تێ دەکەن.

زۆر بە ئاسانی دەتوانیت ببیتە ئەندام لەوێو دوای ئەوە مافی پرسیار کردن وەڵامدانەوەت هەیە. جگە لەوەی دەتوانیت کەسانێکی شارەزا لە بواری کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت بناسیت و ئەگەریش لە بوارێکدا شارەزا بیت دەتوانیت خزمەتێک بکەیت. چونکە دروشمی یانەکە بریتیە لە هی هەموانەوە بە هەموانەوە جوانە. واتە بەیەکەوە کار دەکرێت و بەیەکیشەوە کارەکان جوانن و هەروەکو تا ئێستا جوان بووە.

تۆش ئەگەر کێشەت هەیە ئەوە یانەی کوردستان چارەسەری کێشەکانی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێتە. ئەگەر دەتەوێت لە بوارێکی دیاریکراوی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت خزمەت بکەیت ئەوە یانەی کوردستان هەمیشە دەرگای واڵایە بە هی خۆتی بزانە ئەویش تۆ بە میوان نازانێت و دەتوانیت کارو خزمەتی خۆت بکەیت و کەسانی تر فێر بکەیت لەو بوارەکەی کە شارەزایت..

دوو دڵ مەبەو لە یانەی کوردستان ببە ئەندام و رۆژانە هاورێی باش و شارەزا لە کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت پەیدا بکە.


یانەی کوردستان جیهانێکی پڕ لەخزمەت و زانستی سەردەمە.

# پرۆگرامی Fast Folder بۆ سەیرکردن و کردنەوەی پێکهاتەی فۆڵدەر بە خێرایی

■ پرۆگرامی Fast Folder پرۆگرامێکی ئاسانەو بەکاردێت بۆ سەیرکردن و کردنەوەی پێکهاتەی فۆڵدەرەکە بە شێوەیەکی خێراو ئاسان.

دوای دامەزراندنی ئەم پرۆگرامە مینیۆیەک لە مینیۆی کلیکی راست زیاد دەبێت بەناوی (Fast Folder).

کاتێک لەسەر هەر فۆڵدەرێک کلیکی لای راست دەکەین لە رێگەی کلیک کردنی مینیۆی (Fast Folder) پێکهاتەی فۆڵدەرەکە دەبینین و دەتوانین پێکهاتەی سەب فۆڵدەرو هەموو فایلەکانی ناوی ببینین و بە ئاسانی ئەگەر بمانەوێت هەر فایلێك بکەینەوەو سەیری بکەین. وەکو لە وێنەکەدا دیارە.




تێبینی: پرۆگرامەکە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار هەیە لەناو فۆڵدەری (FastFolders.v3.3.5).

# گۆڕانکاریەکی جوان لەکاتی گەڕانی گووگڵ


■ لەم ماوەیەدا گۆڕانکاریەکی جوان بۆ گەڕانی گووگڵ کراوە، ئەویش پێشنیار کردنی بۆ هەر وشەیەك کە دەینوسیت یاخود دەتەوێت بۆی بگەڕێیت. هەروەها پێشت دەڵێت چەند دۆزینەوە هەیە بۆ ئەو وشەیەی کە دەتەوێت بۆی بگەڕێیت. وەکو چۆن لەم وێنەیەدا دیارە:





ئەگەر لە وێنەکەی سەرەوە ورد بینەوە ئەوە ئێمە دەمانەوێت بۆ وشەی Program بگەڕێین و ئەویش چەند پێشنیارێکی پێداوین و لە بەرامبەریشیەوە پێی گوتوین هەر دانەیەك چەند لاپەڕەی ئەرشیفکراوی هەیە.

ئەم کارە هەندێك بە شتێکی باشی دەزانێت و هەندێکیش پێی بێزار دەبێت. جا بۆ هەر دوو جۆرەکە دەتوانیت ئەگەر نەت بوو بۆی دابنێیت و ئەگەریش هەبوو لایببەیت بەم ڕێگەیەی خوارەوە:

سەرەتا سایتی گووگڵ بکەرەوە و ئەوکات لە تەنیشتی دەستە ڕاست کلیك لەسەر Preference بکە وەکو لەم وێنەیەدا دیارە:




دوای ئەوە ڕوکارێکی ترت بۆ دەکرێتەوە و لە خوارەوەی ئەم ئۆپشنە هەیە کە ئەو کارەت بۆ بکات یاخود نەء؟ وەکو ئەم وێنەیە:




لە وێنەکەدا دیارە ئۆپشنی یەکەم پێشنیارەکەت بۆ دەردەخات و ئەگەریش حەزت لێی نەبێت ئەوا ئۆپشنی دووەم هەڵبژێرە. بەم شێوەیە هەم دەتوانیت لایببەیت و هەمیش دەتوانیت ئەگەر نەت بوو و پێویستت پێی بێت ئەوا زیادی بکەیت.

## ئاگادارییەك
## بۆ نووسەرە بەڕێزەکان

ئاگاداری هەموو ئەو نووسەرە بەڕێزانە دەکەینەوە کە بابەت بۆ (سی فۆر کورد) دەنووسن لەکاتی نووسینەکانیاندا ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەن:

1- تا بکرێت بابەتەکان بە (یونیکۆد) بنووسرێت.
2- ئەگەر پێتان باش بێت وێنەیەکی کەسی لەگەڵدابێت.
3- ئەگەر بکرێت ئیمەیل و ژمارەی مۆبایلی لەگەڵ دابێت بۆ پەیوەندی کردن لەکاتی پێویستداو دابەزاندنی ئیمەیلەکە لەگەڵ بابەتەکە.
4- هەوڵ بدرێت هەڵەی زمانەوانی کەم بکرێتەوە.
5- با بابەتەکان وێنەی ڕوون کردنەوەی لەگەڵ دابێت.
6- تا بکرێت بابەتەکان سەرچاوەیان لەگەڵدا بێت.
7- بابەتەکان لە شوێنی تر بڵاونەکراونەوە.
8- بابەتەکان لە ڕێگەی ئەم ئیمەیلەی خوارەوە ڕەوانە بکەن:

**np@c4kurd.com**


# سەرەتایەك لە بارەی بەرنامەی
# ProShow Producer بۆ دروستکردنی ئەلبومی وێنە

■ زۆرن ئەو بەرنامانەی کە تایبەتن بە دروستکردنی ئەلبومی وێنە. وەکو دەزانین جیهانی ئەمرۆمان تەکنەلۆژیا بە تەواوی داگیری کردووە لە جیاتی کڕینی ئەلبوم بۆ وێنە پرنت کراوەکانمان ئێستا ئەلبوم بۆ وێنە دیجیتاڵەکانمان دروست بوە.

بێگومان هەر یەکەمان کە خاوەنی کامێرای دیجیتاڵین هاردی کۆمپیوتەرەکەمان بە سەدان وێنەی تێدایەوە بە جۆرێك زۆرێکمان هاردی تایبەتی دەرەکی بۆ دەکڕین. بەڵام نەتوانراوە ئەو وێنانە تاکی وێنە کۆنەکان بدەن و لەناو کۆمپیوتەر بە مردوو دەژمێردرێت.

هەر بۆیە کۆمپانیاکانی دروستکردنی پرۆگرام زۆر رویان کردوەتە دروستکردنی بەرنامە بۆ دروستکردنی ئەلبومی وێنەی دیجیتاڵی. ئەو بەرنامەی ئێمە دەمانەوێت باسی بکەین ناوی ProShow Producer و زۆر بە ئاسانی دەتوانیت وێنەکانت بکەیتە ئەلبومی ئینتەرنێتی و سیدی و سکرین سەیڤەر. جگە لەمانە ئیفێکت و جوڵەیەکی زۆر زۆر جوان دەداتە وێنەکان لە کاتی گۆڕینیاندا. هەر بۆیە وا دەکات وێنەکان بە شێوەیەکی سەرنج راکێش پیشان بدرێن.


سەرەتا بەرنامەکە لە ناو فۆڵدەری (ProShow) لە سیدی تایبەت بە گۆڤارەکە وەربگرە. ئەم بەرنامەیە پێویستی بە سێت ئەپ کردن نیە بەڵکو پۆرتەبڵەو راستەوخۆ بە دەبڵ کلیك کردن لەسەر فایلەکە ئەوە بەرنامەکە دەکرێتەوە. ئەوەش یەکێکە لە باشیەکانی ئەو بەرنامەیە کە لە نێو سیدیەکەدایەو پێویست





ناکات کۆمپیوتەرەکەت قورس بکەیت بە هۆی سێت ئەپکردنی بەرنامەکەوە.

دوای ئەوەی بەرنامەکە دەکەیتەوە ئەو روکارە دەردەکەوێت کە لەو وێنەی پێشوودا دیارە.

ئەگەر سەیری وێنەکە بکەین لە لای چەپی سەرەوە ئەو شوێنەی ئێمە دەستنیشانمان کردوە تەرخانە بۆ دەستنیشان کردنی وێنەکانت لە ناو کۆمپیوتەرەکەت. دەبێت بزانیت لە چ درایڤێکی کۆمپیوتەرەکەت وێنەکانت هەیەو ئەوکات ئەو فۆڵدەرە بکەرەوە و وێنەکانت لە بۆشاییە سپیەکەی خوارەوە دەردەکەوێت وەکو لەم وێنەیەدا دیارە:





لەم وێنەیەدا وێنەکان دانە دانە دەستنیشان کراون ئەویش بە کلیکی لای راست لەسەر وێنەکەو هەڵبژاردنی Add to Show و ئەوکات وێنەکان دێنە خوارەوە هەروەکو لەم وێنەیەی خوارەوە دەرکەوتوە:




لێرەدا ئێمە تەنها سێ وێنەمان هێناوە، ئەگەر سەیر بکەیت ئەم سێ وێنەیە لە نێوانیاندا لاکێشەیەك هەیە ئەو لاکێشانە


کاریان دانانی جوڵەی گۆڕینی وێنەکانە. بە تەنها کلیك لە یەك یەکیان ئەم روکارەی خوارەوە دەردەکەوێت:




لە وێنەکەدا دیارە ژمارەیەکی زۆر ئیفێك و جوڵەی جوان و سەرنج راکێشمان هەیە ئەوەی بە دڵت ماوسەکەی ببە سەر لە خوارەوە لەسەر وێنەکە بۆت دەردەخات چۆن دەردەکەوێت. ئەو جوڵەی کە بە دڵت بوو کلیکی لەسەر بکە لەسەر هەموو وێنەکانی تر هەمان کردار دوو بارە بکەرەوە.


دوای ئەوەی بۆ هەموو وێنەکان جوڵەمان دانا ئەوکات پێویستە بەرنامەکە سەیڤ بکەین و ناوێکی لێ بنێین. بە چونە سەر مینوی File و لەوێ بە Save هەڵبژاردن و ناونانی فایلەکە، کارەکەمان سەیڤ دەبێت.

دوای ئەوە چەند رێگەیەك هەیە بۆ دروستکردنی ئەلبومەکەمان، لەوانە دروستکردنی سکرین سەیڤەر و کردنی بە ڤیدیۆ سیدی و فلاش و زۆری تر. وەکو لەم وێنەیەدا دیارە:





وەکو لە وێنەکەدا دیارە دەتوانیت بە کلیك کردن لەسەر ئایکۆنی Play دەتوانیت سەیری کارەکەت بکەیت و دوای ئەوەی کە ژمارە دوومان لێداوە دەتوانیت بەو شێوانە ئەلبومەکەت دروست بکەیت.

بۆ نمونە ئەگەر ئێمە بمانەوێت بیکەینە ڤیدیۆ سیدی ئەوا کلیك لەسەر Video CD دەکەین و ئەم روکارەی ئەوبەرمان بۆ دەرکەوێت:





کاری ئەوتۆمان نابێت و تەنها کلیك لەسەر Create بکە و ئەوکات داوات لێدەکات سیدیەکی بەتاڵ لەناو سیدی رایتەکەت دابنێیت و بۆت دەکاتە ڤیدیۆ سیدی.

وە ئەگەر بتەوێت بیکەیتە ڤیدیۆ و لە ناو کۆمپیوتەرەکەت لێی بدەیت ئەوە دەتوانیت کلیك لەسەر Video بکەیت و ئەوکات هەندێك ئۆپشنت دەداتێ کە ڤیدیۆکەت چۆن بێت ئەوکات کلیك لەسەر Create بکە وەکو لەم وێنەیەدا دیارە:




دوای ئەوە داوات لێدەکات ناوێك بۆ فایلەکە دابنێیت و سەیڤی بکەیت وەکو ئەم وێنەیە:




ناوێکی لێبنێ و سەیڤی بکە ئەوە دەبێتە فایلێکی ڤیدیۆ لەسەر کۆمپیوتەرەکەت و دەتوانیت هەر کاتێك ویستت لێی بدەیت.

تێبینی: پرۆگرامەکە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەری (ProShow) هەیە.

# چۆن سایتەکانمان بە هۆی فرۆنت پەیجەوە ئەپدەیت بکەین؟


■ کڕینی سایت و بونی سایتی ئینتەرنێت بە شێوەیەکی رون تەشەنەی کردووە لە کوردستاندا بە شێوەیەکی وا کە ئێستا کەمتر بەرەو دروستکردنی سایتی خۆڕایی دەڕۆین. زۆربەی کەسەکان بە هۆی بونی کۆمپانیای فرۆشتنی سایت لە کوردستان و هەرزانی نرخەکانی بە ئاسانی دەتوانن سایت بکڕدرێت.

بەڵام ئەوەی کێشەیە لەبەردەم زۆرێکمان ئەوەیە کە چۆن بەردەوامی بە سایتەکەمان بدەین و ئەپدەیتی بکەین. ئایا چۆن هەموو کات بە ئاسانی فایلەکانمان بۆ ناو سایتەکانمان بەرز بکەینەوە هەواڵی تێدا بڵاو بکەینەوە. لێرەدا دەبێت ئاگاداری ئەوە بین کە دوو جۆر سایتی دروستکراوامان هەیە یەکێکیان پێی دەڵێن ستاتیك کە بە کارو کاتی زۆری دەوێت تاکو ئەپدەیتی بکەیت و جۆری دووهەم پێی دەڵێن داینامیك کە ئەمەیان بە هۆی زمانێکی پرۆگرامینگەوە دروست دەکرێت و ئاسان و خێرا ئەپدەیت دەکرێت.

ئیمە لێرەدا مەبەستمان نیە بچینە نێو قوڵایی جۆرەکان و جیاوازیەکانیان بەڵکو ئەوەی گرنگە بیزانین کە فرۆنت پەیج کاری ئەپدەیت کردنی جۆری یەکەمە کە پێمان وت ستاتیك. لەبەر ئـەوەی ئەپدەیت کردن ئاسان نییە بۆیە بەکارهێنانی فرۆنت پەیج کەمێك کارەکانمان بۆ ئاسان دەکات. ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە زۆرێکمان بە هۆی سیدی یاخود کتێب و وانەی ئینتەرنێتەوە دەزانین چۆن سایت بە هۆی فرۆنت پەیجەوە دروست بکەین لە ناو کۆمپیوتەرەکەمانەوە بە بێ ئینتەرنێت بەڵام کێشەمان خستنە ناو سایت و دواى ئەویش ئەپدەیت کردنیەتی. بۆیە ئێمە بە کورتی باسی ئەو کارە دەکەین.


ئەوەی ئێمە پێویستمانە ئەوەیە کە پێویستە سایتەکەت کڕی بێت و کار لە سەر سایتی بە خۆڕایی ناکەین. ئەگەریش سایتە خۆڕاییەکەت سەپۆرتی فرۆنت پەیج بکات ئەوە بەهەمان ڕێگا دەتوانیت کارەکەت بەئەنجام بگەیەنیت. جگە لەوە تێبینیەکی گرنگ هەیە ئەویش زۆربەی جار پێویستە بەرنامەی فرۆنت پەیج لە نێو سایتەکەت سێت ئەپ کرابێت، ئەو کارەش دەتوانیت بە پەیوەندی کردن بە کۆمپانیاکەوە بکەیت کە سایتەکەت لێ کڕیوە و کارەکەت بۆ بە ئەنجام بدەن.

سەرەتا پێویستە بەرنامەی فرۆنت پەیجت هەبێت کە ئەگەریش 2003 بێت ئەوە باشترە هەمان ئەو ڤێرژنیە کە ئێمە باسی دەکەین. هەروەها دەتوانیت بەرنامەکە لەگەڵ سیدی ئۆفیسی 2003 بە دەست بخەیت.





دواى ئـەوەی بـەرنـامـەکـەت کردەوە ئەوە کلیك لـەسـەر File بکە لـە مینوکانداو دواى ئەویش کلیك لـەسـەر Open Site بکە وەکو لەم وێنەیەدا دیارە:


دواى کلیك کردن ئـەم روکـارەت بۆ دەردەکـەوێت کە داواى نوسینی سایتەکەت دەکات:





لێرەدا لە بەرامبەر Site name نـاوی سایتەکەت بنوسە، بـەڵام ئاگاداربە پێویستە http:// لەگەڵ بێت و ئەوکات کلیك لەسەر Open بـکـە ماوەیەکی پێ دەچێت کە لەو کاتەدا پێویستە کۆمپیوتەرەکەت بە ئینتەرنێتەوە بەستبێتەوە و ئەوکات ئەم روکارەت بۆ دەکرێتەوە:




لێرەدا پێویستە ناو و پاسۆردی سایتەکەت بنوسیت و ئاگادار بە سەحێك لەو چوار گۆشەیە بدە بۆ ئەوەی پاسۆردەکەت سەیڤ بکات ئەگین دەبێت هەموو کات بینوسیتەوە. دوای ئەوەی نوسین کلیك لەسەر Ok بکە و ئەو کات ئۆتۆماتیکی دەچیتە نێو سایتەکە و لە نێو فرۆنتپەیج دەکرێتەوە وەکو لەم وێنەیەدا دیارە:




ئەگەر سایتەکەت تازە بێت هیچت پێشتر دانەنابێت ئەوە تەنها فایلی index.html ی تێدایە لەگەڵ فۆڵدەرێکدا. ئەوەی گرنگە ئایا چۆن بتوانین فایلەکانمان لە نێو کۆمپیوتەرەکەمانەوە بکەینە نێو سایتەکەمان. ئەم کارەش زۆر بە ئاسانی دەکرێت ئەویش بە کلیك کردن لەسەر File و دوای ئەویش Publish site هەڵبژێرە وەکو ئەم وێنەیە:




دوای ئەوە ئەم روکارەی خوارەوە دەردەکەوێت:




لێرەدا کۆتا ئۆپشن هەڵدەبژێرین بە ناوی File System و لە Browse کلیك دەکەین و ئەو فۆڵدەرە دەست نیشان دەکەین کە فایلەکانی سایتە دروستکراوەکەمانی تێدایە لە نێو کۆمپیوتەرەکەمان دوای ئەوەی هەڵمان بژارد ئەوا ئەم روکارە دەردەکەوێت:




لێرەدا دوو بەشمان بۆ دەبێتەوە لای راست کە فۆڵدەری ناو کۆمپیوتەرەکەمانەوە و لای چەپ سایتەکەمانەوە.. دەتوانیت ئەو فایلانەی دەتەوێت ئەپلۆدی بکەیتە نێو سایتەکەت لەوێوە دەستنیشانی بکەیت و لەو ئیشارەتە بچوکانەی نێوانیان کلیك بکەیت بۆ ئەوەی بچێتە نێو سایتەکەت.

بەم شێوەیە فایلەکانت دەچێتە نێو سایتەکەت. بەڵام ئەگەر بتەوێت لاپەڕەیەك دەستکاری بکەیت چی بکەین؟ ئەو کارەش هەر زۆر ئاسانە لە نێو فرۆنت پەیج فایلەکە بکەرەوە. بێگومان دەبێت ئەو فایلانەی کە چووەتە نێو سایتەکەت و لەوێدا گۆڕانکاریەکان بکەو سەییڤی بکە ئەوە راستەوخۆ سەیڤ دەبێت.

# چۆنیەتی زانینی هەر وشەیەك لە گووگڵ لە چ وڵاتێك زیاتر بۆی دەگەڕێن؟




■ سایتی گووگڵ هەروەکو چۆن هەمیشە کاری سەرسوهێنەرو نمونەیی دەکات. یەکێکیش لەو کارانەی بریتیە لە بەشێکی تایبەت لە ناو سایتەکەی بەناوی Google Trends کە ئەمەش یەکێکە لە کارە جوان و نمونەییەکانی. ئەم بەشە تایبەتە بەو وشانەی کە لە گووگڵدا گەڕانی بۆ ئەنجام دەدرێت. هەروەها کارەکەی ئەوەیە کە پێت دەڵێت ئەم وشەیە لەم وڵاتانە زۆرترین گەڕانی بۆ دەکرێت.
واتە ئەگەر ئێمە بۆ وشەی Kurd بگەڕێین ئەوا ئەم بەشەی گووگڵ پێمان دەڵێت کە گەڕان بۆ وشەی Kurd لە ناو گوگڵ لەو وڵاتانە زۆر روویداوە.
بۆ نمونە ئێمە ئەگەر ئەم لینکەی گووگڵ
www.google.com/trends
بکەینەوەو لە بۆشایی گەڕانەکەیدا بنوسین Kurd ئەوا ئەم ئەنجامانەی خوارەوەمان دەداتێ:
سەرەتا لەسەرەوە رەنگێکمان پێ دەدات کە بە پێی ساڵەکان دابەشکراوە، وەکو لەم وێنەیەی خوارەوە دیارە:




وەکو لەو وێنەیە دەبینین لە ساڵی 2004 وە دەری دەخات کە لە سەرتاسەری جیهان چەند کەم و زۆر بۆ وشەی Kurd گەڕاون.
هەروەها لە خوار ئەم وێنەوە وڵاتەکانی تێدایە کە لە کامیان زۆرترین گەڕان دەکرێت هەروەکو لەو وێنەی ئەوبەر روون کراوەتەوە:

| Regions | |
|---|---|
| 1. | Iraq |
| 2. | Iran |
| 3. | Sweden |
| 4. | Turkey |
| 5. | Norway |
| 6. | Netherlands |

بۆ ئەم وشەیە وەکو لە لە وێنەکەی سەرەوە دیارە کە لە ئێراقدا زۆرترین گەڕان کراوە بۆ وشەی کورد و دوای ئەویش ئێران و سوید و تورکیا دێت و وڵاتەکانی تریش زۆر کەمە.
هەروەها سەرژمێریەکی تر لەپاڵ ئەم سەر ژمێریە هەیە ئەو تەنها بۆ شارەکانە وەکو لەم وێنەیەدا دیارە:

| Cities | |
|---|---|
| 1. | Baghdad, Iraq |
| 2. | Diyarbakir, Turkey |
| 3. | Erzurum, Turkey |
| 4. | Goteborg, Sweden |
| 5. | Adana, Turkey |
| 6. | Tehran, Iran |
| 7. | Stockholm, Sweden |
| 8. | Oslo, Norway |

وەکو دیارە زۆرترین گەڕان بۆ کورد لە ئێراق و بەڵام ئەوان بەغدایان نوسیوە کە خۆی وا نیە و دەبوایە شارێکی کوردی بوایە بەڵام ئەگەر سەیری خوارتر دەبینین لە دیاربەکریش بۆ ئەو وشەیە زۆر دەگەڕێن.
جگە لەمانە زۆر کارو سەرژمێری تری تێدایە کە بە بەکارهێنانی دەتوانن سودی لێ ببینن.



# ئامۆژگاری و ئاگاداری بۆ بەکارهێنەرانی تەکنەلۆژیای بلوتوس

کەمال فاتح - خوێندکاری سیستەمەکانی کۆمپیوتەر - زانکۆی کۆیە cs.eng.it@gmail.com

■ مێشکی مرۆڤی ژیر هەرلەکۆنەوە نەوەستاوەو هەمیشەخەریکی داهێنان و بەرهەمهێنانی شتی نوێ بووە، بۆئاسانکاری خۆی و دەوروبەرەکەی و جاری واش هەبووە ئاڵۆزترین داهێنانی کردووە تائاسانکارییەکی زیاتر بەرجەستەبکات.

بەڵام لەبەرامبەرهەرپێشکەوتن و داهێنانێکی نوێدا هەندێ خاڵی لاواز هەر هەبون کەوا کەسانی نەفس نزم و هەڵپەرست ویستویانە بەهۆی ئەو خاڵە لاوازانەوە ئەتکی زانیاری و نهێنیەکانی بەرامبەریان بکەن .




لەبەر ئەوەی تەکنەلۆژیای بلوتوس Bluetooth یەکێکە لەو داهێنانانەی کە خزمەتی بەرچاوی کردووەو هەموشمان گەواهیدەری ئەو ڕاستیەین، وەکو بیستۆك( سەماعە) ی بلوتوس کە ئاسانکاری کردووە لەماڵ و لەکاتی لێخوڕینی سەیارەو ... ناردنی بابەتی جۆراوجۆر لەڕێگەی بلوتوس یان پەیوەندیکردن و گفتوگۆکردن .

بۆئەوەی خۆشبەختانەتر سود لەم تەکنەلۆژیایە وەربگرین پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بکەین:

1- بلوتوسەکەت با کوژاوەو شاراوە بێت مەگەر زۆر پێویست بێت: زۆر پیویست بە مانای تەنها لەکاتی گەڕان بەدوای بلوتوسی ئامێرێکی تر یان پەیوەندی کردن بەئامێرێکی باوەڕپێکراو(ڤایرۆساوی نەبێت )، یان لە هەربارێکی تر نابێ لە باری ئیشکردن (On) یان لەباری (Show to all)دا بێت، چونکە کەسانی جاسوس و لێزان هەن دزە دەکەنە ناو کۆمپیوتەرەکەت یان ئامێرەی مۆبایلەکەت، بێئەوەی پێبزانی یان هەر مۆڵەتیشت لێوەرناگرێ و کاری خۆی ئەنجام دەدا.

2- نەناردن و وەرنەگرتنی هیچ جۆرە فایلێك لە کەسانێکەوە کەنایانناسی : چونکە گەر وات کرد لەوانەیە توشی جۆرەها کێشەو ڤایرۆس ببیت کەتەنها خۆت باجەکەی دەدەیت، چونکە جاری وا هەیە ئەو فایلەی بە نەزانی وەریدەگریت دەبێتە هۆی تێکدانی ئەوبەشەی ئامێرەکەت کە ئەوڤایرۆسەی بۆ دروستکراوە، یان دەبێتە هۆی چاندنی پرۆگرامێکی وا کە بەکەیفی خۆی نامە بنێرێ بۆ ئەوانەی لەدەوروبەرتن، کە ئەمە چەندین جار ڕویداوە.

3- نەکردنی کرداری گەڕان لەشوێنی گشتی : کرداری گەڕان بەهۆی بلوتوس بەبێ هیچ ئامانج و مەبەستێك یان پێویستیەکی ڕاستەقینە لەوانەیە ببێتەهۆی کێشەبۆت، و لەکاتێکدا تۆ بەبێ هیچ ئامانج و مەبەستێك کرداری گەڕان دەکەیت وریابە ڕەنگە کەسانێك هەبن لەسەنگەردبان بۆ ئامێرەکەت (کۆمپیوتەر، مۆبایل...هتد) و ئەوان زۆر شارەزاو باوەڕپێکراوترن لەتۆ و لەوەش زیاتر توانای بەرمەجی ئەویان هەیە هاکی ئامێرەکەت بکەن بەبێ ئەوەی تۆ ئاگادار بیت.

باشترین نموونە : لەو ڕۆژانەی پێشودا لەگەڵ هاوڕێیەکم دانیشتبووین لەکافتریای زانکۆ بەنەزانی فایلێکی وەرگرت پاش ماوەیەك هەستی بەخاوبونەوەی مۆبایلەکەی دەکرد تا بەناچاری فۆرماتی کرد.

تێبینی : لەگەڵ زیاتر پێشکەوتنی ڕادەی زانیاری خەڵکی ڕێژەی هاککردن و دزە کردنەناو ئامێرەکانەوە لەرێگەی (Bluetooth) و(Wireless) وپاسۆرد شکاندنەوە زیاتر دەبێت..

کۆتا ئامۆژگاریم بۆ خۆم وئێوە ئەوەیە.. هەمیشە وریابن .

# وێب سایتی هەندێك لەرادیۆ و تەلەفزیۆنە کوردیەکان

سەتەلایتی کوردستان
www.kurdistantv.net



سەتەلایتی گەلی کوردستان
www.gksat.tv



چرا تی ڤی
www.chra.tv



سەتەلایتی کوردسات
www.kurdsat.tv



سەتەلایتی ڤین تی ڤی
www.vintv.net



بەشی کوردی رادیۆی دەنگی ئەمریکا
www.voanews.com/kurdish



سەتەلایتی زاگرۆس
www.zagrostv.com



سەتەلایتی میزۆپۆتامیا
www.metv.dk



رادیۆی دەنگی کوردی ئوسترالیا
www.2000fm.com



رادیۆ نەوا
www.radionawa.com



تەلەفزیۆنی یەکگرتوو-کەناڵی هەولێر
www.utv-hawler.com



رادیۆ تەلەفزیۆنی ئازادی - سلێمانی
w.azaditv.tv



# بوونی دادگای ئەلیکترۆنی پێویستییەکی هەنووکەیی جیهانە

■ دادگای ئەلیکترۆنی خەونێکە لەچاوی وڵاتانی جیهان و حکوومەت و گەلان، بۆ داخستنی ئەو کەلێنە یاساییەی کە لەم ساڵانەی دوایی گەشەکردنە سەر سوڕهێنەرەکەی تەکنەلۆژیای هێنایە کایە. لەناویدا تاوان دەکرێت و پێشێلکاری ئەنجام دەدرێت بەبێ هیچ چاودێریەکی یاسایی، لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت مافەکان دەخورێن، کە هۆیەکەی بۆ نەبوونی یاسایەکی نێودەوڵەتی دەگەڕێتەوە، تا ڕێگا بگرێت لەوکەسانەی کە حەز بە ئەنجامدانی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان دەکەن و دادگایی بکرێن، بەڵام ئەمە کارێکی هێندە گران نییە، بەڵکو دەکرێت لە داهاتوویەکی نزیکدا بخرێنە ناو چوارچێوەی کردارەوە. بۆ بەدی هێنانی ئەم خەونەش کۆمەڵەی نێودەوڵەتی بۆ قەڵاچۆکردنی تاوانی سیبیری لە فەڕەنسا بەهاوکاری کۆمەڵەی میسری بۆ قەڵاچۆکردنی تاوانەکانی ئینتەرنێت، لە پایەختی وڵاتی میسر رۆژانی ٢-٤ی مانگی رابردوو دەست پێشخەریەکی نێودەوڵەتی سازکرد، بەو هیوایەی بتوانرێت یاسای وەها دابڕێژرێت کە پێشەنگەکانی ئینتەرنێت لەو سنوور بەزێنە ناپەسندیە بپارێزن کە لەتۆڕی ئینتەرنێت روودەدەن، لە کۆنگرەکە ژمارەیەکی زۆر پسپۆڕی بواری قەڵاچۆکردن و نەهێشتنی تاوان لەسەر ئینتەرنێت ئامادەبوون، کە لە وڵاتانی جیاجیا هاتبوون، بە کۆمەڵیش گفتوگۆیان لەسەر کۆمەڵێك پرس کردو چەندان راسپاردەشیان خستە روو، کە دەتوانین لەم خاڵانەی خوارەوە کۆیان بکەینەوە:

یەکەم: دنەدانی وڵاتان بۆ دامەزراندنی قەوارەیەکی نێودەوڵەتی تا یارمەتی بەیەکەوە گونجانی لایەنە حکوومییەکان و دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بدات، بۆ راوەدونانی تاوانباران، تا بڵاوبوونەوەی ئەمن و ئاسایش لە تۆڕە نێودەوڵەتییەکان دەستەبەربێت، ئەمەش لە ڕێگای دامەزراندنی دادگایەکی سەربەخۆیی ئەلیکترۆنی دێتەدی.

دووەم: پاراستنی مافی خاوەنداریەتی هزری و ئەو داتایانەی کە دەکەونە سەر ئینتەرنێت، کە ئەم گرفتە بۆتە کێشەیەکی هەمیشەیی لەلای حکوومەتەکان، کە لەگەڵ زۆربوونی تەکنیکە نوێیەکان و گەشەکردنی بەردەوامی مەترسی بۆ سەر تایبەتمەندییەکان و داهێنانەکان و زیاتر هەڵکشاوە. هەرچەندە هەندێك وڵات هەوڵی داڕێژتنی یاسایان بۆ پاراستنی داتاکان داوە لە هێرشی ئەلیکترۆنی، بەڵام گرفتەکە بەوەندە کۆتایی نەهاتووە، بە بۆچوونی هەندێك لە یاساناسانیش پرسی پاراستنی خاوەنداریەتی هزری پۆلین کراوە دیجیتاڵییەکان لە گرنگترین ئەو رووبەڕووبوونەوانەیە کە حاڵی حازر دووچاری یاسا دەبێت.

سێیەم: هاتنەکایەی حکوومەتی ئەلیکترۆنی بۆ ئەوەی ببێت بە هۆکارێك بۆ لەناوبردنی گەندەڵی کارگێڕی، کە ئەم دیاردەیە لەگەڵ گەشەکردنی زانیاری ئەلیکترۆنی بە فراوانی بڵاوبۆتەوە کاریگەری لەلایەنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و ئایینی کردووە و چەندان وڵاتیش بەدەستییەوە گرفتارن.

چوارەم: بۆ رێگاگرتن لە تیرۆری ئەلیکترۆنی راسپێردرا کە زەرووە یاسا بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو کەمتەرخەمیەی کە لەیاسادا هەیە، یاخود ئەو دەقە بۆ یاسا زیادبکرێت کە پێبزێوی و سنوور بەزاندن لە تەکنیکی نوێ بە تاوان دابنێ.

پێنجەم: داکۆکیکردن لە بەگرنگی دانانی چاودێری لەلایەن حکوومەتان، بۆ رێگاگرتن بە چوونە ناوەوەی ئەو ماڵپەڕانەی کە هزرو بیرۆکەی تیرۆری بڵاودەکەنەوە، یاخود ناوەڕۆکی وەهایان هەڵگرتووە کە لەگەڵ بەهاکانی کۆمەڵگە ناگونجێت.

شەشەم: سنووردانان بە بازرگانیکردنی مرۆڤ لە رێگای ئینتەرنێت، بەتایبەتی منداڵان، لەم ڕووەشەوە داواکرا چەندان کۆنگرە ببەسترێ، تاکو بگەن بە رێگاچارەی گونجاو.

حەوتەم: لەکۆتاییدا ئامادبووان داوایان لە کۆمەڵگەی مەدەنی و دەستەی کار ڕاپەراندنی وڵاتان کرد ئامۆژگاری سوودبەخش بڵاوبکەنەوە، بۆ ئەوەی بەکاربەران بەرەو هۆشیاری زیاتر بەرن.



# خزمەتگوزاری ڤیدیۆچات(دەنگو ڕەنگ) لە Gmail کرایەوە

باوکی بەهەشت

■ ساڵی ڕابوردوو کۆمپانیای گوگڵ کۆمپانیای پێشخستنی ڤیدیۆی Marratech کڕی ، ئێستا ئەنجامی ئەو کڕینە ئاشکرابوو کە دەتوانن ڕاستەوخۆ چات و گفتوگۆی ڤیدیۆ ئەنجام بدەن لە گوگڵدا ، ئەمەش وەک هەڕەشەیەک وایە دژی پرۆگرامەکانی چاتکردنی وەک سکایپ و یاهووماسنجەر وئیم ئێس ئێن.


هەر بۆیە گوگڵ داوا لەبەکارهێنەرانی Gmail دەکات کە دەستبەرداری سکایپ و ویندۆز لایڤ بن و ئەم خزمەتگوزارییە نوێیەی گوگڵ بەکاربهێنن.

شایانی باسە بەکارهێنەرانی جی مەیڵ دەتوانن بە یارمەتی (GoogleVoiceAndVideo Plug-in) کە قەبارەکەی نزیکەی ٤٨٠ کیلۆبایتە، سوود لەم خزمەتگوزارییە وەربگرن، ڕاستەوخۆ چات لەگەڵ هاوڕێکانیان بکەن. و پشتگیری براوسەری ئینتەرنێت ئێکسپلۆرەر و فایەرفۆکس و گوگڵ کرۆم و براوسەری سەفاری دەکات.

هەروەها جێی گوتنە بەکارهێنەر دەتوانێت بەئارەزووی خۆی جێگای ڤیدیۆکە بگوازێتەوە بۆ ئەو شوێنەی خۆی دەیەوێت، و هەروەها دەتوانرێت ڤیدیۆ بەئارەزوی بەکارهێنەر گەورە بچووک بکرێتەوە.


هەنگاوەکانی ئەکتیڤ کردنی ڤیدیۆ چات بەم شێوەیە ئەنجام دەدرێت:

کاتێک ئیمەیڵی جی مەیڵ دەکەیتەوە بەر لەهەموو شتێك ئەکاونتی ئیمەیڵەکەت لە جی مەیڵ بکە بگۆڕە بۆ ڤێرژنە نوێیەکە کە بەکلیك کردن لەسەر(Newer Version) لەبەشی سەرەوەی ئیمەیڵەکەت جێیەجێ دەبێت وەك لەوێنەکەدا دیارە




پاشان لەخوارەوەی نامەهاتووەکان کۆمەڵێك نووسین ونووسراوە، کلیك لەسەر (Turn On Chat) بکە ، پاش ئەوە لەلای چەپەوە لەژێر Inbox وە ئایکۆنێکی چات دیارەو نوسراوە Chats وەك لەو وێنەی ئەوبەر دیارە.

ئەگەر هاوڕێیەکت لە سەرهێڵ ئامادەبێت ئەگەر وێب کامی هەبێت ، ئایکۆنەکەی دەردەکەوێت.




پاش ئەوە لەخوارەوە لەلای ڕاست دەتوانی لەوێ گفتوگۆی ڤیدیۆیی یاخود تەنیا چات ئەنجام بدەیت.

و هەروەها دەتوانیت کلیپی دەنگی بۆ ئەو کەسانە بنێریت کە وێب کامیان نییە ، و هەموو تێکست ڤیدیۆکان بەیارمەتی سێرڤەری گوگڵەوە ئەنجام دەدرێت.

شایانی باسە جگە لەبەکارهینەرانی کۆمپیوتەری کەسی کەبە PC ناسراوە، بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەری ماکینتۆشیش دەتوانێت سوود لەم خزمەتگوزاریە وەربگرێت.

بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن لەم لینکەوە ئەو خزمەتگوزارییە نوێیە دابگرن و دابیەزرێنن

http://mail.google.com/videochat




# لە ویندۆزی ڤیستاوە پەیوەندی بەسایتەکەتەوە بکە


■ بـۆ ئـەوەی لـە کـۆمـپـیـوتـەرەکـەمـانـەوە پەیوەندی بەسایتەکەمانەوە بکەین پێویستمان بە بەرنامە هەیە بەهۆیانەوە دەتوانین سایتەکەمان ئەپدەیت بکەین، بەڵام لە ویندۆزیشەوە دەتوانیت بە هەمان شێوە دەتوانیت ئەو کارە بکەیت. ئێمە باس لە چۆنیەتی پەیوەندی کردن و زیادکردن و کەمکردنی فایل دەکەین لە ڕێگەی ویندۆزی ڤیستاوە.

کارەکە ئاسانەو بەم هەنگاوانەی خوارەوە دەتوانیت بگەیتە ئەو ئامانجە:


سـەرەتـا لـەسـەر دیسکتۆپ کلیکی لای ڕاست لەسەر Network بکەو دوای ئەوە کلیك لەسەر Map Network Drive بکە وەکو لەم وێنەیەی خوارەوە دیارە:





دوای ئەوە ئەم ڕوکارەی خوارەوە دەردەکەوێت:





وەکو لەوێنەکەدا دیـارە کلیك لـەسـەر ئـەو شوێنە بکە کە دەستنیشانمان کردوە و دوای ئـەوە ڕوکارێت بۆ دێت و تەنها کلیك لەسەر Next بکە و دوای ئەوە ئەم ڕوکارە دەردەکەوێت:




لێرەشدا وەکو دەستنیشانمان کردوە کلیك لەسەر Choose a custom network location بکەو دوای ئەوە داوای نوسینی سایتەکەت لێ دەکات وەکو ئەم وێنەیەی خوارەوە:




دوای ئەوە کلیك لەسەر Next بکەو دوای ماوەیەك داوای یوسەرو پاسۆردت لێ دەکات وەکو ئەم وێنەیەی خوارەوە:




ئـاگـاداربـە ئەگەر ئەم ڕوکارە نەهات ئەوە بزانە وێب سایتەکەت لە نێو کۆنترۆڵ پانێڵەکەیدا فرۆنت پەیج سێتی ئەپ کراوە یاخود نەء. ئـەگـەریـش خۆت ئـەوە نـەزانی ئـەوە پەیوەندی بـە کۆمپانیاوە بکە کە سایتەکەت لێ کریوە.

دوای ئـەوە کلیك لـەسـەر OK بکەو ئـەوکات فۆڵدەرێك دەکرێتەوەو بریتیە لە فایلەکانی ناو کۆمپیوتەرەکە. دەتوانیت فایلی لێ دەربهێنیت و هەر لە هەمان کاتدا فایلی بۆ بنێریت و وەکو هـەر فۆڵدەرێکی تری نـاو کۆمپیوتەرەکەت کاری لەسەر بکەیت. بەڵام ئاگادار بە دەبێت کە ئەم کارانە دەکەیت پەیوەندیت بە ئینتەرنێتەوە هەبێت و ناردن و شت وەرگرتن لە فۆڵدەرەوە ئەپلۆد و داونلۆدی فایل بۆیە دەکەوێتە سەر خێرایی و هێواشی ئینتەرنێتەکەت.

رایت کلیک

باوکی هێڤار

# ئەگەر پیاویت بینێرە!!

■ لەو ڕۆژەوەی مۆبایل لە کوردستان تەشەنەی کرد بەزم و ڕەزمیشی زیاتر لەو تەشەنەی کردووە. من نامەوێت بچمە نێو باسی مۆبایل بە گشتی تەنها لە کەنارەکەیەوە باسێك لە بلوتوسی مۆبایل و ناوی مۆبایلەکان دەکەم.

ئەگەر لە شوێنێکی قەرەباڵغدا سێرچێك بۆ ئەو مۆبایلانە بکەن کە بلوتوسەکانیان کراوەتەوە ئەوە لیستێك بە ناوی سەیرو سەمەرە بە دوای یەکدا ڕیزدەبن. بێگومان ناونانی مۆبایلەکەت زۆر جار ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوەی کەسەکەیە. یاخود زۆر جار زەوق و هاروهاجی و بزێوی نەفەرەکەیە. من کەسێکی نەفسزان یان دەرونزان نیم تاکو لێکۆڵینەوە لە کەسەکان بکەم بە هۆی ناونانی مۆبایلەکانیانەوە بەڵام حەزم لێیە هەندێك شت بگێڕمەوە:

برادەرێك چەند ڕەمزێکی سەیری کردبووە ناوی مۆبایلەکەی وتم خێرە ئەو ناوە سەیرە؟ وەڵامەکەی ئەوە بوو کە با خەڵکی بترسن فایلم بۆ نەنێرن.

لە زانکۆ بوین لە قاعەیەکی گەورەو زیاتر لە سەد تەلەبە بوین و مامۆستا بە داتا شۆ وانەکەی بۆ شیدەکردینەوە و دیار بوو بلوتوسی لاپتۆپەکەی کرابووە و تەلەبەکان پێیان زانی. بۆیە کاتێکمان زانی لە خوار کۆمپیوتەرەکەی مامۆستا کە بە داتاشۆ وەکو سینەما بە گەورەیی لەبەر دەممان بوو نوسرا توخوا چۆنن؟ واتە نەفەرەکە ناوی مۆبایلەکەی نابوو توخوا چۆنن؟ دوای ئەوە تەلەبەکان بە بەزمەکەیان زانی. لە ماوەیەکی کەم هۆڵەکە بووە چەڵە ڕێزان و پێکەنین بە هۆی بەزمی بلوتوسەوە، بە ڕادەیەك کەس ئاگای لە مامۆستا نەبوو وەکو چاتکردن وابوو موتابەعەی ئەوەمان دەکرد ئەمجارە چ شتێکی تازە دەنوسرێت. کار گەیشتە جنێودان و لەلایەکی ترەوە حوب حوبێن و بۆ ئەم و بۆ ئەو و ئەویان دەنوسی من تۆم خۆش ئەوێت.

لە یانەی کوردستان بابەتێکی لەو جۆرە نوسرا کە ئایا ناوی مۆبایلەکەت چییە؟ زۆر شتی سەیریان نووسی بوو. یەکێك نووسیبوی برادەرێکم ناوی مۆبایلەکەی نابوو (ڤایرس هات) بە ڕادەیەك کەس نەیدەوێرا فایلی لێوەربگرێت چونکە دەنوسرا ڤایرۆس هات و بەرامبەرکەش زەندەقی لە وەزعەکە دەچوو.

لەلایەکیتر نوسراوە، برادەرێك ناوی مۆبایلەکەی (تۆ کەریت؟) و کاتێك دەمان ویست فایلی لێوەربگرین دەنوسرا تۆ کەریت و دەبوا بەڵێ یان نەخێر بکەین، مەجبور هەموو کات نەخێرمان هەڵدەبژارد.

لەلایەکی ترەوە کەسێکیتر نووسیبوی کاتێك ویستم فایلێك بۆ برادەرێکم بنێرم و بۆ بلوتوسەکەی گەڕام سەیر دەکەم نوسرا بوو (ئەگەر پیاویت بینێرە). دیارە خاڵۆ خەڵکی دەترسان و بۆ ئەوەیە کەس شتی بۆ نەنێرێت و پێشەکی بێ منەتیان دەکات کە ئەگەر پیاو بن بینێرن.

ئەمانەو زۆرێکیتر ڕۆژانە بە هۆی مۆبایلەکەمانەوە ئاشنای دەبین. بەڕادەیەك شتی پێکەنیناوی و زۆرجاریش سەیرو سەمەرەی لێدەبینین، ناشبێت ئەوەشمان لە بیربچێت هەندێك ناوی خۆیان و ژمارەی مۆبایلەکەیان دەکەنە ناوی مۆبایلەکەیان دیارە دەڵێن بەڵکو شتێکمان دەست بکەوێت و تەعارفێك رووبدات. یاخود هەندێکی تر ناوی مۆبایلەکەیان هەر بەناوی مۆبایلەکە خۆیەتی یانی ئەگەر مۆبایلەکەی لە جۆری N73 بێت ئەوە ناوەکەشی هەمان شتە، ئەویش ڕەنگە یان تاقەتی ئەو شتانەی نییە، یان حەز دەکات خەڵکی بزانن مۆبایلەکەی ئەم موتەتەورە...